# ئیمان و خۆشەویستی سامان

**کۆمەڵە چیرۆکێکی پەروەردەییە**
**و**
**چەند رووداوێکی واقیعی**

**ئامادەکردن و پێشکەشکردنی:**
**د. حەسەنی پێنجوێنی**

چاپی دووەم
1443-2022

١

# کوڕە شامییەکە

**ڕووداوێکی واقیعی وچیرۆکێکی پەروەردەییە**


**ئامادەکرنی:**

**د. محمد حسن الحمصی**

وەرگێڕانی:

**د. حەسەنی پێنجوێنی**



چاپی دووەم

1443-2022

چیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیە:

**ئیمان و خۆشەویستی ماڵ**:

بریتییە لە:

1. کوڕە شامییەکە.
2. چیرۆکەکەی ئەبو غیاس(أبو غیاث).
3. بەرهەمی خوا ناسی.
4. ڕووداوەکەی چەمی بووزان.
5. گەندەڵی و دەستپاکی.
6. ئەحمەدی کوڕی مسکین.
7. لە بناری چیای قەندیلدا.

# پێشەکی وەرگێڕ بۆ

# چیرۆکی کوڕە شامییەکە:

خوێنەری بەڕێز! لەو کاتەدا کە رانم شکابوو و لەناو جێگەدا کەوتبووم کتێبێکیان بۆ هێنام بەناوی (صراع)واتە: ملانێ، بریتی بوو لە سێ کورتە چیرۆک، و باسی ئەوەیان دەکرد: کاتێ ئیمان لە دڵا جێگیر بوو چ دەورێک دەبینێ!!

دوو چیرۆکیان هێزی ئیمانیان پیشان دەدا لەبەرامبەر هێزی هەواو ئارەزووی جینسەوە. وخاوەنەکانیان چۆن لەو زۆرانبازییەدا بەسەرشەیتانا زاڵ بوون!!

چیرۆکەکەی تریشیان توانای ئیمانی گەنجێکی هەژاری نەداری پیشان دەدا کە چۆن بەسەر زرق وبرقی زێڕو زیوی حەرامدا سەر کەوتووە!!

لەگەڵ خوێندنەوەیاندا ئەوەم بۆ سابت بوو، هەرکات ئیمان لەهەردڵێکدا جێگیر بوو موعجیزە بەدی دێنێت!! ئیتر دەستم دایە قەڵەم و وەرم گێڕایە سەر زمانی کوردی، و ناردم بۆ رەقابە لەوەزارەتی راگەیاندنی عیراق، و بەمۆری (لانوافق)مۆر کرابوو!! دەستنووسەکەش دۆستێک بردی بیخوێنێتەوە، بەڵام لەکاتی مەنعە تەجەوولەکەدا وا دیارە لەترسا خستبوویە ژێرخاکەوە ئەویش پەرتوکاو تیا چوو.

رۆژگار هات و چوو، کاتێ باسی ئەو چیرۆکانەم بۆ ئەو خەڵکە زۆرە دەگێڕایەوە کە دەهاتن بۆ سەردانم چەندان بەسەرهاتی واقیعی خۆماڵییان بۆ دەگێڕامەوە، منیش لە مێشکی خۆما تۆمارم ئەکردن، بەو هیوایەی رۆژێ لە رۆژان بیان نووسمەوە و پێشکەش بە خوێنەرانیان بکەم..

تا لەم دواییەدا ئەوە هات بە خەیاڵمدا کە بەناو نیشانی (دەوری ئیمان لەژیانی ئادەمیزاد)دا بیان خەمە بەردەست خوێنەران، تا خەڵکی بزانن خۆ گری تەنیا بۆ حەزرەتی ئەییوب- علیە السلام- نەبووەو بەس، وە پاکداوێنی تایبەتی حەزرەتی یوسف- علیە السلام- نەبووە و بەس، بەڵکو هەرکاتێ ئیمان لەهەر دڵێکا جێگیر بوو ئەو ئیمانە دەوری خۆی دەبینێ، جا دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر بووبێ، یا لەسەردەمی فەزا و ئەلکترۆندا بێت!!

باسی یەکەم لەم زنجیرەیە باسی زاڵبوونی ئیمانە بەسەر (خۆشەویستی ماڵ و پووڵ)دا، کە ئەمیش بریتییە لەچەند رووداوێک، یەکێکیان لەرابوردوویەکی دوورا بووەو ئەوانی تریش لەم سەردەمەی خۆماندا. هیوادارم موسڵمانانی هاو زەمانم سوودی لێ وەربگرن و خوایش بەلوتفی خۆی بیکاتە توێشووی پاشە رۆژمان.. إنه نعم المولى ونعم النّيير.

حەسەنی پێنجوێنی

پێرس – ئوستراليا

.1423 -2002

# کوڕە شامییەکە

یەکێک لە بازرگانە ناودارەکانی وڵاتانی عەرەبی لەئوتێلێکی بەناوبانگی (بەیرووت)ا دادەبەزێ، شەوێ لە هۆڵەکە دادەنیشێ و دەبینێ یەکێک لەبازرگانەکان زۆر سەرنجی دەدات، ئەمیش ناو بەناو بەتیلی چاو بۆی دەڕوانێ..

بازرگان خۆی بۆ ناگیرێ و دەڵێ : بێ زەحمەت پرسیارێکم هەیە رێم دەدەیت بپرسم؟!

ئەمیش دەڵێ: فەرموو..

ع : بەڕێزت ناوت موحەممەدە؟

م : بەڵێ..

ع : خەڵکی فلان گەڕەکی دیمشق نیت؟

م : بەڵێ، لەوێ لەدایک بووم، باوەڕ ئەکەی تۆ وەک ناسراوێ پرسیار دەکەیت؟ بەداخەوە من بەڕێزت ناناسم! ئەکرێ خۆتم پێ بناسێنی؟!

ع : بەڵێ، من عەبدوڵلام، ئەها پێکەوە هاوەڵی منالبووین و لای مامۆستای گەڕەکی خۆمان دەرزی قورئانمان پێکەوە دەخوێند؟

موحەممەد گوتی: وەڵلا راست دەکەیت، ئینجا هەستایە سەرپێو بەرەو رووی رۆیشت و ئەملاو لای یەکتریان ماچ کرد.

عەبدوڵلا گوتی: کاک موحەممەد! ئەو ساڵە کە لەگەڵ حاجییەکانی گەڕەکی خۆماندا رۆیشتیت چیت بەسەرهات؟ چونکە پاش ئەوە ئیتر من تۆم نەبینییەوە..

موحەممەد گوتی: کاک عەبدوڵلا! ئەوە بەسەرهاتێکی دوور و درێژی هەیە، وەرە با برۆینە ژوورەکەی خۆمەوە تا لەوێ بە تەواوی بۆت بگێڕمەوە، فەرموو.. فەرموو..

دەستی گرت و پێکەوە ڕۆیشتنە ژوورەکەی خۆیەوە و دەستی بەزەنگەکەدا نا و دوو قاوەیان بۆ هێنان، و بەدەم خواردنەوەی قاوەکەوە بەم جۆرە عەبدوڵلا رووی تێکرد و گوتی: ئێ کاک موحەممەد ! فەرموو، مەسەلەکەم بە تەواوی بۆ بگێڕەرەوە..

موحەممەد گوتی: کاک عەبدوڵلا! چیت بۆ بگێڕمەوە؟! ڕووداوێکی سەیر و سەمەرە!! هەناسەیەکی بۆ هەڵکێشا و بەم جۆرە بەسەر هاتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

خۆت دەزانی هەر بەمندالّی باوک و دایکم مردن، و لەماڵ و سامانی دنیادا هیچیان جگە لەناوی چاکە بۆ بەجێ نە هێشتبووم.. خەڵکی بە ئینسانێکی دەست پاک و دەم پاک و لە خوا ترس ناویان دەبردن، و بەچاوی ڕێزەوە باسیان دەکردن، پاش مردنی ئەوان ئەوەبوو خەڵکی گەڕەک بەخێویان دەکردم و منیش کارم بۆ ئەکردن، شەوانەش لەمزگەوت دەرسی قورئان و بنچینەکانی عەقیدەمان دەخوێند.. تا ئەوساڵە کاتی حەج هاتە پێشەوە و حاجییەکانی گەڕەکی خۆمانمان تا خوار شار ڕەوانە کرد..

لەکاتی ڕەوانە کردنا حاجییەکان گوتیان: موحەممەد! ئەوە بۆ لەگەڵ ئێمەدا نایەیت بۆ حەج؟ تۆ هەرکار دەکەیت و ئەوەندەت دەدەنێ پێی بژیت، وەرە لەتەکماندا یارمەتییەکمان بدە، ئێمەش کرێت بۆ دەدەین و خەرجیت بۆ دەکێشین، زیاد لەوە حەجەکەیشت دەکەیت و زیارەتێکی پێغەمبەر ﷺ دەکەیت و گەشتێکیشە بۆ خۆت..

منیش ماوەیەک تیا ڕامام، بیرم لێ کردەوە دیتم قازانجێکی گەورەی بۆ دین و دنیام تێدایە!! بڕیارم دا و لەگەڵیان ڕێ کەوتم، خۆ کەسێکی وایشم نەبوو تا بگەڕێمەوە و بڕۆم بۆلای پرسی پێ بکەم!! بۆیە هەر لەوێوە و بەوجل وبەرگانەی خۆمەوە ڕۆیشتم لە گەڵیاندا.

بەسواری وشتر بەرەو حیجاز ڕێکەوتین، تا گەیشتینە کەناری دەریای سپی ناوەڕاست، لەوێ سوار کەشتی بووین، ماوەیەکی زۆرمان پێنەچوو گەیشتینە (کەناڵی سوێس)، لەوێ ماوەیەک لە قوڕەتێنە هێشتینیانەوە، تا دەرکەوێ ئایا نەخۆشیمان پێوەیە یان نە؟ پاشان بەکەشتی بەرەو (جیددە) ڕێکەوتین، ماوەیەک لەوێ ماینەوە، و جارێکی تر بەسواری وشتر بەرەو

مەککە ڕێکەوتین، کاتێ گەیشتینە مەککە لەنزیک مزگەوتی حەرامەوە خانوویەکمان بەکرێ گرت، کە تەنیا دوو کۆڵان لە کەعبەوە دوور بوو..

چەند ڕۆژێ لەوێ ماینەوە، شەوێ هات بەخەیاڵمدا کە بڕۆم لە مزگەوت شەونوێژ بکەم، کاتی خۆی مامۆستا بۆی باس کردبووین کە چەند خێری زۆرە!! پێش نوێژی بەیانی و لە سێیەکی دوایینەی شەوا بوو هەستام و نەم هێشت هاوەڵەکانم پێم بزانن خۆم گورج کردەوە و بەرەو مزگەوت ڕۆیشتم، بەڵکو بتوانم تەوافێکی دەوری کەعبە بکەم و بەئاسانی بەردە ڕەشەکە ماچ بکەم، چونکە پێغەمەر ﷺ ماچی کردووە..

بەڵێ، ڕۆیشتم زۆرم نەما بوو بگەمە مزگەوت پێم لەشتێ هەڵکەوت، یەکەم جار گوێم نەدایێ و ڕۆیشتم، دوایی گوتم: با بگەڕێمەوە سەری بزانم چی بوو؟ دیتم ئەمە کەمەر بەندەو زۆر قورسیشە!! زرێکەم ترازاند دیتم پڕیەتی لەلیرەی زێری عوسمانی!!

ئای لەو هەموو بەرەکەتە!! کەمەر بەندم هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ ماڵ، لەبەر شەوقە کزو لاوازەکەی چراکەماندا و لە کەنارێکەوە دەستم بە ژماردنی کرد، دواین دانەی گەیشتە پێنچ هەزار!! بەڵێ، پێنچ هەزار لیرەی زێڕ، بەخەیاڵیش شتی وا نەهاتبوو بەخەیاڵمدا، لەدڵی خۆما دەمگوت: بەڕاستی خوا لوتفێ گەورەی لەتەکما کرد! پاروویەکی چەور و نەرمی بۆ ناردم!! ئەی خوایە! لێت بەزیاد بێ!

پاش ماوەیەک بیرم کەوتەوە خۆ ئەمە ماڵی من نییە، ماڵی کەسێکی ترە!! ئێستا پشتی شکاوە بۆی، و قوڕی دنیای بەسەرا کراوە، و ماڵی وێران بووە!! لەوانەیە بۆ کاسبی کردن هێنابێتی و قەرزیشی کردبێ، ئێستاش ئاوەها لێی کەوتووە، دەبێ لەژێر باری ئەو قەرزە زۆرەدا بناڵێنێ!! ئاخۆ ماڵ و منداڵی چ بکەن و حاڵیان چۆن بێ؟!!

ئەها مامۆستای گەڕەک هەمو جارێ دەیکوت: پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی: (ئەوەی لەبەر خاتری خوا واز لەحەرامێک بێنێ خوا بەحەڵاڵی ئەیکا بەنسیبی)!! وەڵلا من دەبێ لەبەرخاتری خوا واز لەم پارەو پووڵە زۆرە بێنم!! بەڵام چۆن خاوەنەکەی بدۆزمەوە؟ من بۆچ هەڵم گرت؟ ئەگەر هەڵم نەگرتایە لەوانە بوو خاوەنەکەی بەشوێنخۆیا بگەڕایەتەوە و بیدۆزیایەتەوە! ئەو کاتە منیش بەرپرسیار و لێپرسراو نەدەبووم لەسەری، باشە، من لەرۆژی قیامەتا چۆن وەڵامی خوا بدەمەوە!

خوایە، بەپشتیوانی تۆ، ئەوا ئەیبەستمە پشتم بەونیازەی بیدەمەوە بەخاوەنی، تۆیش یارمەتدەرم بە و کارم بۆ ئاسان بکە..

بەڵێ، هاتمەوە بۆ مزگەوتی کەعبە، و هێشتا کاتی مابوو بۆ نوێژی بەیانی، تەوافێکی کەعبەم کرد، و زیارەتێکی بەردە رەشەکەم کرد، و پاشان لە (حیجرئیسماعیل)دا چەند رکاتێ نوێژم خوێند، هێشتا بانگی بەیانی نەبووبوو.. دانیشتم چاوەڕوانیم کرد تا بانگی فەرموو، پاش ماوەیەک چاوەڕوانی و دوو رکات سوونەت نوێژەکەمان بەجەماعەت کرد..

ئینجا بە ویردو ئەوراد و پاڕانەوەی پاش نوێژەوە خەریک بووین، بەکورتی بڵێم: تا خۆر گەرم بوو من دانیشتم، وچەند رکاتێ نوێژی چێشتەنگاوم خوێند، بەڵام هەر لەبیری لیرەکاندا بووم چۆن بیدەمەوە وخاوەنەکەی پەیدا بکەم؟ ئالەم کاتەدا گوێم لە جارچییەکەوە بوو جاڕی ئەداو ئەیگوت: کەمەر بەندێکی پڕ لەلیرەمان لێکەوتووە، رەحمەت لەباوکی ئەوەی دیویەتییەوە و ئەمان داتەوە، یەد لیرەیشی بەگەردن ئازادیی بۆ خۆی..

بەراستی خەبەرێکی خۆشە!! یەد لیرەی بەحەڵاڵی بۆ خۆم! بێگومان سەدی حەڵال لەپێنچ هەزاری حەرام چاکتر و باشترە!!

جاڕچییەکەم بانگ کرد و گوتم: کێ خاوەن لیرەکانە؟

گوتی: تۆچیت داوە بەسەر خاوەنەکەیەوە؟ تۆ دیوتەتەوە؟

گوتم: لەوانەیە من دیبێتمەوە، لەوانەیە ئەوە بناسم کە دیویەتییەوە..

گوتی: دە وەرە لەتەکما باخاوەنەکەیت پێ پیشان بدەم. منیش کەوتمە شوێنی و رۆیشتین بۆماڵی خاوەن لیرەکان.. خاوەن ماڵ پیاوێکی پیری بەساڵاچووی نوورانی بوو، کچێکی و خێزانەکەیشی لەتەکا بوو، هیچی تر..

پاش سڵاو گوتم: مام حاجی تۆ لیرەکانت لێ کەوتووە؟

گوتی: بەڵێ..

گوتم: دەکرێ ناو نیشانەکانیم بۆ باس بکەیت؟ ئەویش هەموو ناو نیشانەکانی بەتەواوی بۆ باس کردم، ئیتر منیش کەمەر بەندەکەم دەرهێنا و لەبەر دەستیا دام نا.. هەندێ پارەی بە جارچییەکە دا و گوتی: ئیتر تۆ بڕۆ خوات لەگەڵ. من و مام حاجی ماینەوە..

تۆ بەڵێنت دا:

حاجی زۆر بەشان و باڵمدا هات و تەعریفێکی زۆری کردم، و گوتی: کوڕم! وا دیارە تۆ لاوێکی موسڵمان و پابەند بە دینە کەتەوەی؟ باش پەروەدەکراوی و بەشیری ئیسلام گۆش کراوی، ئەگەر ئیمان و باوەڕێکی بەهێز و بەپێزت نەبوایە ئەو هەموو لیرانەت نەدەهێنایەوە، "ئادەی چایەکمان بۆ بێنن"، بەو جۆرە بانگی خێزانەکەی کرد، و ئەوانیش چایان بۆ هێنایین..

حاجی دەستی کردە ژماردنی لیرەکانی، هەمووی هەڵڕشتە بەردم خۆیەوە و پاش ژماردنی ئەیکردنەوە ناو کەمەر بەندەکەی، تا بەتەواوی هەمووی تێکردەوە و زنجیرەکەی داخست، ئینجا گوتی: کوڕی مامی! خۆ تۆ عەزێتێکی زۆرت لەتەکا نەکێشاوە، ئەگەر لەبیاتی یەد لیرە پەنجا لیرەبێ پێت چۆنە؟

گوتم: قەیدی چییە؟ با یەد نەبێت و پەنجا بێت.. دیسان بانگی کردەوە و گوتی: چایەکمان بۆ بێنن، منیش گوتم: ناخۆمەوە، هەر بەزۆر دەرخواردی دام.. ئینجا هەندێتر تەعریفی کردمەوە و گوتی: وادیارە باوک و دایکێکی ئیماندارت هەبووە، چاودێری خوایان لەدڵتا رووواندووە، تەنیا باوەڕ بەخوا وای لێ کردوویت ئەم کەمەر بەندە بێنیتەوە، ئێستاش خۆ عەرەقت پێوە نەرشتووە و پێوەی ماندوو نەبویت، ئەگەر لە جیاتی پەنجاکە بیست و پێنجم لێ وەربگریت چۆنە؟!

منیش تووڕە بووم و زۆرم پێ ناخۆش بوو، گوتم: بابە گیان! من هیچ هەقێکم بەسەر تۆوە نییە، بەڵام تۆ بەڵێنت داوە و زۆر ناشیرینە بەڵێنەکەت بشکێنی و لێی پەشیمان ببیەوە.. خۆ تۆ خۆت بە موسڵمان دەزانی، پاشگەز بوونەوە لە بەڵێن نیشانەی باش نییە، بەڵام چش، کە تۆ بەو ریشە سپیەوە ئاوها لە بەڵێنەکەی خۆت پەشیمان دەبیتەوە با بیست و پێنج بێ!!

**چایی سێهەم:**

دیسان بانگی کردەوە: ئادەی چاییەکی ترمان بۆ بێنن. !!

گوتم: بابەگیان! من ناخۆم، هەرچاییەک بانگ دەکەیت دەبێتە ژەهرىمار لەمن، بەسە ئیتر ناخۆمەوە..

بەزۆر چاییەکەی تریشی دەرخوارد دام!! بەڵام وام دەزانی ژەقنە موت دەخۆم نەک چایی، چونکە هەر چاییەکی دەرخوارد بداماپە نیوەی پارەکەی کەم دەکردەوە!!..پاشان هەندێ تر تەعریفی کردم و بەشان و باڵمدا هات و گوتی: کوڕىعاقڵ! ئەوەتە من پیر بووم و ریشم هەمووی سپی بووە، و تۆیش گەنجیت، و تازە پێدەگەیت، ئەگەر دە لیرە لەمامەی خۆت وەربگری چۆنە!!

منیش چاوم پەڕییە تەوقی سەرم و لێی راپەڕیم و نەڕاندم بەسەریا و گوتم: زۆرحەیفە بۆ تۆ دوو سیفەت لە سیفەتەکانی مونافەقت تیا بێتە دی! پێغەمەر ﷺ فەرموویەتی: ئەوانەی مونافیقن سێ نیشانەیان هەیە: ئەگەر قسەی کرد درۆی کرد، ئەگەر بەڵێنی دا بەجێنەهێنا، ئەگەر ئەمانەتیان لا دانا خیانەتی لێ کرد[1]. ئیتر هەستام بڕۆم، پەلی گرتم و نەیهێشت، بەزۆر دانامەوە..

گوتی: خەڵکی کوێیت؟

گوتم: دیمشقی شام.

گوتی: وەرە باپێکەوە بڕۆین تەوافێکی (کابە) بکەین و بەردە رەشەکە ماچ بکەین، و لەحیجری ئیسماعیلدا دوو رکات نوێژ بکەین، لەوێدا من دەپاڕێمەوە تۆ بڵێ ئامین..کوڕم! بەخوا تۆم زۆر خۆش دەوی! شتێکت دەدەمێ بۆتۆ لە یەد لیرەکە و پەنجاکەو بیست وپێنجەکەش باشتربێ!!

**رقم لەدڵا نەما:**

---

**1-" آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ". أخرجه البخاري في كتاب الإيمان/ باب علامة المنافق، برقم: 32.**

دەستی گرتم و پێکەوە رۆیشتین، پاش ئەوە کەزیارەت و تەواف و نوێژمان لەحیجری ئیسماعیلدا تەواو کرد حاجی دە پاڕایەوە، و لەو کاتانەدا ئەو دەمی ئەنا بەیەکا منیش دەمگوت: ئامین، چونکە من گوێم لێ نەبوو چ دەڵێت؟

پاش ئەوەی لە دوعاکانی بوەوە هەستاین، گوتی: دەبڕۆ ئیتر خوا ئاگادارت بێ!

بەڵێ، رۆیشتم و حاجیم جێهێشت، بەڵام هیچ کینەیەک لەدڵما بەرامبەری نەما! وەک ئەوە کە هەر پارەم نەدیبێتەوە و هەرگیز ئەو پیاوەشم نەدیبێ ئاوەها بووم.. بەتەواوی دڵم لەحەنایا سارێژ بوو، بیرو خەیاڵی ئەو پارەیە لەزەینمدا نەما.

ئیتر گەڕامەوە بۆ لای هاوەڵەکانم، چەند رۆژێ لەوێ ماینەوە، و مەناسیکی حەجمان تەواوکرد ورۆیشتین بۆ مەدینە و زیارەتی مزگەوتی پیرۆزی پێغەممەرمان ﷺ کرد، و پاشان گەڕاینەوە بۆ(جیددە). لەوێشەوە سوار کەشتی بووین بۆ کەناڵی سوێس، لەقورەنتینەکەدا چەند رۆژێ ماینەوە..

لەوێ دڵم گۆڕا و پێم خۆش نەبوو بگەڕێمەوە بۆ دیمشق، کە باسی شامیان دەکرد وەک بەرەو گەرووی نەهەنگم بەرن ئاوەهابوو!! چوار رۆژ لەو قورەنتینەیەدا ماینەوە، بەهاوەڵەکانم گوت: برایان! ئێوە خوا تان لەگەڵ من نایەمەوە بۆ شام!!

ئەوانیش زۆر دڵگران بوون و دەستە دامێنم بوون کە لە گەڵیانا بڕۆمەوە، بەڵام بەگوێم نەکردن، یەکێکیان دەستی کردە گریان و گوتی: دەترسم دڵت لەئێمە یەشابێت، وا لە تەکمانا نایەیتەوە؟!

گوتم: برا!خوا پاداشتان بداتەوە، بەراستی ئێوە نموونەی دۆست و هاوەڵی باش بوون، و بەهیچ جۆرێ دڵم لێتان نە یەشاوە، بەڵام خۆم دڵم بەهاتنەوە دەگیرێ، ئەوەند پێم ناخۆشە کە دەڵێن بگەڕێرەوە، وا دەزانم بەرەو گەرووی شێرو ئەژدیهام بانگ دەکەن!

یەکێکی تریان گوتی: کەمادام دڵت پێوە نیە بێیتەوەو هەر بەجێمان دێڵیت، من لەقاهیرە هاوەڵێکی دڵسۆز و خواناسم هەیە، نامەیەکت دەدەمێ و بڕۆ

بۆلای ئەو، بەڵێ، کاغەزی دامێ وئەملاو لام ماچ کردن و ماڵئاواییم لێ کردن..من بەرەو میسر وئەوانیش بەرەو شام لێک جیا بووینەوە..

## لەمیسرا:

چەند رۆژێ بەڕێوە بوم تا گەیشتمە قاهیرە، و بەو ناو نیشانەی وەرم گرتبوو بازرگانەکەی میسرم دۆزییەوە. ناو نیشانەکەی روون بوو بۆیە بۆدۆزینەوەی هیچ ماندوو نەبووم. کەنامەم دایە دەستی بازرگانەکە گەش بووەوە و زۆر شادمان بوو، بەخۆشحاڵییەوە گوتی: کاکەگیان! لەم رۆ بەدواوە تۆ کوڕی منی، بەرۆژا لەگەڵم دێیت بۆ دووکان و بەشەویش وەک کوڕەکانی ترم لەماڵ خۆمان دەبیت!!

بەڵێ، لەو رۆژە بەدواوە وەک کوڕێکی حاجی لەدووکانا کارم دەکرد، وئەویش وەک باوکێک وابوو بۆم، بەرۆژ لە دوکان بووم، ماڵەکەشیان بەشەوا قەرەباڵخ بوو، بۆ من وەک قوتابخانەیەک وا بوو، چونکە شەوانە زانایانی جۆربەجۆر دەهاتن و باسی تەفسیر و فەرموودە و شەرع و مەسایلی مێژووییان تیادەکرد، منیش هەروەک چاییم دادەنا و خزمەتم دەکردن دایش دەنیشتم و گوێم لێدەگرتن، مەعلوماتێکی زۆرم بەدەستهێنا و شتێکی زۆر فێر بووم..

ساڵێک بەسەر ئەم حاڵەدا تێپەڕی، و چاو و گوێم کرایەوە، کاسبی فێر بووم و لە وەزعی بازاڕ شارەزابووم.

شەوێک مام حاجی هاتە ژوورەکەم و گوتی: کوڕم! لەبەیانی بەدواوە تۆ دەبێ کاسبی بۆ خۆت بکەیت و سەر بەخۆ بیت!!

منیش گوتم: مام حاجی گیان! منێکی غەریبی بێکەس چۆن دەتوانم کاسبی بۆ خۆم بکەم وبەچی دوکان دابنێم؟!

گوتی: کوڕم !! جارێکی تر نەڵێیت بێکەسم، کەسی هەموان خوایە، و خۆیشت بەغەریب نەزانیت، چونکە تۆ لەگەڵ باوک و دایک و برا و کەسی خۆتا دەژیت!! ئەو کیسەیەش یەد لیرەی تیایە، بەگەردن ئازادی بۆ خۆت و کاسبی پێوە بکە، بەیانیش دوکانەکەی خۆتت پێ نیشان دەدەم!!

من قبوولّی پارەکەم نەکرد و گوتم: ماڵت ئاوا، لەمن سوێند و لەو سوێند هەر داینا، کەزانی من نەفسم بەرزە و نامەوێ وەری بگرم، گوتی: قەیدی نیە با قەرزبێ بەلاتەوە..

گوتم: بەقەرز هەڵی ئەگرم، ماڵت ئاوەدان بێ و خوا پاداشتت بداتەوە، بەیانی دوکانی پیشاندام و گوتی: ئەمە دوکانی تۆیە، و خۆت شت بکڕە و تیایا بفرۆشە، بناغە و شێوەی کاسبییەکەش بەباشی دەزانی و فێر بوویت..

## ژن هێنان:

بەڵێ، دەستم کردە کاسبی کردن، سەد لیرەکەم دا بە شتومەک و خستمە ناو دوکانەکەوە، کڕین وفرۆشم دەست پێکرد، وەک بارانی بەهار خوا رزقی بەسەرا دەڕژاندم، خێرو بێرێکی زۆرم دەست کەوت، لەو ماوەیەدا بۆ خەوتن هەر لەماڵ مام حاجیدا بووم، لەماوەی ساڵێکدا سەد لیرەکەی مام حاجیم پاشەکەوت کرد، و دوکانیش وەک هیچی لێکەم نەبووبێتەوە ئاوەها بوو!!

شەوێک مام حاجیم بانگ کردە ژوورەکەی خۆم و گوتم: مام حاجیگیان! سوپاس بۆخوا لەم ماوەیەدا کاسبییەکی باشم کردووە، و یەد لیرەم پاشەکەوت کردووە، و کەل و پەلێکی زۆریش هێشتا لەناو دووکانەکەدایە!! خوا پاداشتی خێرت بداتەوە، ئەوە قەرزەکەم بۆ هێناویتەوە، و ماڵت ئاوەدان بێت..

مام حاجی بزەیەک گرتی و سەرێکی بادا و گوتی: کوڕم!! من پارەم بەقەرز نەداویتێ و هەر بەموڵکی بەخۆتم داوە، دیتم وەری ناگریت بۆیە ناوی قەرزم لێهێنا، دەنا ئەوە ماڵی خۆتەو بەمن حەرام!!

هەرچی هاوار و دادم کرد لێی وەرنەگرتم. پاشان گوتی: کوڕم! دەتەوێ ژن بێنی؟!

گوتم: مام حاجی گیان! منێکی غەریب و بێکەس کێ ژنم پێ ئەدا؟!

بە گرژییەکەوە گوتی: کوڕم! من نەم گوت: جارێکی تر نە ڵێیت بێ کەسم! کەسی هەمووومان خوایە، تۆ یەکێکیت لەبنە ماڵەی ئێمە، ئیتر بۆچ خۆت بەغەریب دەزانی؟!

گوتم: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە، ئەگەر ئافرەتێکی باش و نەجیبم دەست بکەوێ، پێم خۆشە ژن بێنم..

گوتی: لەم گەڕەکەی خۆماندا ئافرەتێکی پاکی باش و خواناس هەیە، باوکی مردووە و دایکی ماوە، دەیەوێت لەدایکی جیا نەبێتەوە، جا ئەگەر پێت خۆشە ئەوا بۆت داوا دەکەین..

گوتم: ئافرەتێ پەسەندی تۆ بێ، حەتمەن پەسەندکراوی منیشە، و مەمنونیشت دەبم..

گوتی: دایکی کەسی نییە لەلای بێ، لەبەر ئەوە لەدایکی جیا نابێتەوە و دایکیشی لەگەڵیا دەبێت، ئەڵێی چی؟

گوتم: من هەر بەمنداڵی دایکم مردووە و لەسۆز و لەلەی دایکم بێ بەش بووم، من وا دادەنێم دایکی خۆمە، بەڵکو لەبیاتی دایکی خۆم بەشی منداڵیش سۆز و لەلەم بداتێ..

مام حاجی و پیاو ماقوڵانی گەڕەک ڕۆیشتبوونە داخوازی و ئەوانیش ڕوویان پیشان دابوو، گوتبویان: مادام ئێوە بەباشی دەزانن ئێمەش ڕازین..

بەڵێ، پاش ماوەیەک گواستمەوە و لەگەڵ خێزانی نوێ و هاوبەشی هەمیشەیی ژیانمدا هێلانەی بەختەوەریمان پێکەوە نا، پاش دوو هەفتە ڕۆیشتینەوە ماڵ دایکی خێزانم!! تا خەسووم بێتاقەت نەبێ و لەگەڵ دایکی نوێمدا پێکەوە دابنیشین..

پاش ماوەیەک مانەوە لەماڵ خەزوورمدا دیتم ماڵ شپرزەیە، بەپێویستم زانی دەستێکی پیا بێنم، لەو کاتەدا کە خەریکی ڕێک و پێک کردنی ماڵ بووم، لە پەستوو( پشت ژوورێکی بچووک)ی هۆدەیەکیاندا لەناو تاقەکەدا شتێکم بینی وەک سەری مار وابوو!! بۆ ئەوەی لەدەستم دەرنەچێ پرم دایێ ملی بگرم، زۆر قایم گووشیم، دەبینم بەرەزوانەی کەمەر بەندە!! تاهێزم تیا بوو لێی نەویم کەمەربەندێکی قورس بەدەستمەوە هات، بەزنجیر داخرابوو، زرێکەم ترازاند، دیتم پڕیەتی لە لیرە!!

زۆرم پێ سەیر بوو، هەڵم ڕشت و دەستم کردە ژماردنی، دیتم پێنج هەزار لیرەیە!! ئەمە یەعنی چی؟ دوساڵ لەمەو بەر لەوڵاتی حیجازدا و لەکاتی حەجدا کەمەر بەندێکم دۆزییەوە ئەویش پێنج هەزار لیرەی تیا بوو!! ئێستاش ئەم کەمەر بەندە هەر هەمان ژمارەی تیایە، ئەمە چ دەگەیەنێ؟!

بانگم کردە خەسووم و گوتم: ئامۆژن! ئێوە وەک شێوە هەژارێک ڕا دەبوێرن، و ئەم کەمەر بەندەش لێرەدا پڕیەتی لە لیرە، ڕاز(سڕڕ)ی ئەمەم پێناڵێیت؟

خەسووم دەستی کردە گریان، گریانێکی بەجۆش وبەکوڵ!!

منیش زۆر دڵخۆشیم دایەوە و گوتم: ئامۆژن گیان! خوا ئاگای لێیە من چاوم نەبڕیوەتە ماڵی ئێوە، ئیتر تۆ بۆ دەگری؟ ماڵی خۆتان هی خۆتانە، و سوپاس بۆ خوا من هیچ پێویستییەکم پێی نییە، و ئەگەر بیشم زانیبایە ئەوەند ناڕەحەت دەبیت هەر پرسیارم نەدەکرد!!

گوتی: بەقوربان! بەخوا بۆ ئەوە ناگریم، ئەسڵەن ئەوە هەرنەهاتووە بەخەیاڵمدا کەتۆ لێمان داگیر بکەیت!! تۆ لە کوڕی خۆم بۆمن چاکتری! بەڵام بۆ شتێکی تر دەگریم!!

گوتم: توخوا پێم بڵێ، بزانم بۆچی گریایت؟

گوتی: کوڕم! بڵێم چی؟ دەترسم دڵت زویربێ!!

گوتم: باوەڕت هەبێ دڵم هیچ زویر نابێ.. فەرموو.

گوتی: کوڕم! کاتی خۆی خەزوورت پیاوێک بوو پارێزکار و روو لەخوا، هەردوعایەکی بکردایە دوعاکەی گیرا دەبوو!! بەڵام وابزانم ئەم جارە کە دوعاکەی گیرا نەبوو هۆی ئەوەبوو زوڵمی لەو کوڕە شامییە کرد!! ئێستاش قەدەری خوا وابووە کەوابێ، ئەگەر ئێمە چاومان لەپشت پەردەی غەیبەوە بوایە لە تۆ باشترمان هەڵ نەدەبژارد..

گوتم: باشە چی بوو؟ کوڕە شامی چی، و زوڵمی چی؟

گوتی: دوو ساڵ لەمەوبەر کە رۆیشتین بۆ حەج، خەزوورت ئەم کەمەربەندەی لەمەککەدا لێ کەوتبوو، جاڕی بۆ دا و گوتی: ئەوەی بیدۆزێتەوە و بۆمان بێنێتەوە یەد لیرەی بەحەڵالی ئەدەینێ.. کوڕێکی شامی دۆزیبوویەوە و هێنایەوە، خەزوورت پێی گوتم:ئافرەت! من ئەم کوڕەم زۆر بەدڵە، من ئەم ئەندازەی نادەمێ، دوعا دەکەم بەڵکو دوعاکەم گیرا ببێ: کچەکەم ببێ بەخێزانی و ئەم کەمەر بەندەیش بەخۆی و لیرەکانیەوە بۆ ئەوبێ!!

کەوای گوت من دەستم بەگریان کرد، گریانێکی بەجۆش! ئەنجا خەسووم دڵخۆشی منی دەدایەوە، و دەیگوت: کوڕم!! ئەمە قەدەری خوایە، کە بەنسیبی تۆ بووە و بەنسیبی ئەو نەبووە، ئەڵبەت ئەمجارەیان خوا وای ئیرادەبووە کە دوعاکەی گیرا نەبێ!! بەهۆی دڵ یەشاندنی ئەو کوڕە شامییەوە. ئێستاش ئێمە هیچ ناڕەحەتییەکمان نییە، و تۆیش ناڕەحەت مەبە، باوەڕت هەبێ من زۆر لێت رازیم، ئەگەر لەداوێنی خۆیشم داکەوتیتایە هەر ئەوەندە بۆ من چاک دەبوویت! خوا هەزار ئەوەندەی منت لێ رازی بێ!!

گوتم: ئامۆژن!! بۆ ئەوە ناگریم، من کوڕە شامییەکەم!!

گوتی: چۆن؟ باوەڕناکەم!!

گوتم: بەڵێ، باش باوەڕبکە، ئەها چایی یەکەمی بانگ کرد پەنجا لیرەی لێ شکاندم، و چایی دووەم بیست و پێنج!! و کاتێ چایی سێ هەمی بۆ بانگ کردم کردی بە دە لیرە!!

ئینجا خەسووم ناو چاوی ماچ کردم و گوتی: کوڕم! سوپاس بۆ خوا کە دوعاکەی خەزوورت گیرابووە.

منیش گوتم: سوپاس بۆ خوا کە دوعاکەی گیرا بووە، ئێستا ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرم ﷺ لە (علم الیقین)ەوە لابووە (عین الیقین)، کە دەفەرموێ:" ئەوەی لەبەر خاتری خوا واز لەحەرامێک بێنێ خوا بە حەڵاڵی ئەیکات بە نسیبی"

ئینجا موحەممەد رووی کردە هاوەڵەکەی و گوتی: برای خۆم! ئەمە بەسەرهاتی من بوو!!

عەبدوڵلا ی هاوەڵی منداڵی گوتی: بەراستی رووداوێکی سەیر و سەر سوورهێنەربوو!! سوپاس بۆ خوا کە ئیمانێکی پتەو و بەهێزی وای پێ بەخشیویت کە پێنچ هەزار لیرەت لێ بکاتە ئاگر و خەمت لێ بێ چۆن زووتر بیدەیتەوە بەخاوەنەکەی!! ئالەم جێگایانەدا دەوری ئیمان لە ژیانی ئادەمیزادا دیاری ئەدات، چونکە ئەوەی ئیمان لەدڵیا نەبوو بۆ تەنیا لیرەیەک پیاوێک دەکوژێ!!

# # #

# ٢

# چیرۆکەکەی ئەبو غیاس:

## چیرۆکێکی ئیمانی پەروەردەییە

ئیمامی تەبەری بەرەحمەت بێ چیرۆکێکی سەیرمان بۆ دەگێڕێتەوە.. بەڵام پێش ئەوەی باسی چیرۆکەکەی بکەین بابزانین ئیمامی تەبەری کێیە؟

ئیمامی تەبەری ناوی موحەممەدەو کوڕی جەریرە، و لەساڵی ٢٢٤ھـ لەشاری (ئامول) ی(تەبەرستان)ی ئێران لەدایک بووە، زیاتر بە لەقەبەکەی ناوبانگی دەر کردووە، و بە تەبەری ناسراوە.. و لەساڵی ٣١٠ھـ کۆچی دوایی کردووە..

لەگەڵ ئەوەدا کە شێخی تەبەری ناوبانگی بە زانست وزانیارییەکی زۆر دەرکردوە، توانایەکی سەیری لەنووسیندا هەبووە، لەهەموو زانیارییەکانی سەردەمی خۆیدا دەستێکی باڵای هەبووە، بۆیە لەبەشی زۆریاندا نووسینی بەهێز و بە پێزی هەبووە، چل ساڵی تەواو خەریکی نووسین بووە و لەماوەی ئەم چل ساڵەدا رۆژانە چل لاپەڕەی نووسیوە، تەفسیرێکی بەناوبانگی هەیە بەناوی تەفسیری تەبەری لە سێ هەزار لاپەڕەدابووە، و کتێبێکی ناوداری لەبارەی مێژووەوە هەیە کە بەناوی (مێژووی تەبەریی)یەوە ناوبانگی دەر کردووە.. باسی مێژووی جیهان دەکات هەر لە حەزرەتی ئادەمەوە تا سەردەمی خۆی..

ئەم زاتە بەیەکێک لە پێشەوای زانایان ناوبانگی دەرکردوە. قسەکانی جێی متمانەی خەڵکی بووە، کاریان بە قسەکانی کردووە، راو بۆچوونی لەپێشەوەی رای زانایانی ناودارەوە بووە، تەواوی قورئانی بە هەموو

قیرائەتەکانەوە لەبەر بووە، لەبارەی واتاکانی قورئانەوە چاوڕوون بووە، شارەزای ئەحکامەکانی بووە، ئاگادارییەکی باشی لە سوننەتی پێغەممەر صلی الله علیه وسلم هەبووە.. شارەزای ناسیخ و مەنسوخ و دروست و لاوەزاکانی حەدیس بووە، ئاگادارییەکی باشی لە قسەی هاوەڵ و تابیعی و پێشەوایانی سەرمەزەبیش هەبووە.. لەبەر ئەوە نووسراوی زۆری لەبارەی ئوسوول و فروعی فیقهەوە هەبووە..

**2- نووسراوەکانی:**

زانایان بەدرێژی باسی دانراوەکانیان کردووە ئەمە هەندێکیانە: " القراءات" ،"و العدد التنزيل" و" اختلاف العلماء" و " تاريخ الرجال من الصحابة والتابعين إلى شيوخه" و" لطيف القول فى أحكام شرائع الإسلام " ئەمەیان لە هەشتاو سێ کتێبدا خۆی دەبینێتەوە، " لطايف القول وخفيفه في شرايع الإسلام" و" مسند ابن عباس" و" اختلاف علماء الأنصار" و" كتاب اللباس" و" كتاب الشرب" و" كتاب أمهات الأولاد" و" أمثلة العدول في الشروط" و" تهذيب الآثار" و" بسيط القول" و" آداب النفوس "و" الرد على ذي الأسفار" و" رسالة النصير في معالم الدين" و"صريح السنة " و" فضائل أبى بكر" و" مختصر الفرائض" و" الموجز في الأصول" و" مناسك الحج" و" التبصير في أصول الدين" کتێبێکی لەبارەی فیقهەوە نووسیوە یەکەم جار لەسێ پاکییەکان(الطهارات)دا هەزار و پێنج سەد لاپەڕەی نووسیوە..!!

شێخی زەهەبی – بەرەحمەت بێت- لە (ميزان الاعتدال)دا باسی دەکات و بەرگرییەکی باشی لێ دەکات، و هەموو ئەو تۆمەتانە دەداتە دواوە کە نەیارەکانی بۆیان دروست کردووە، و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەدا کە فریشتە نەبووە، ئینسان بووە و ئینسانیش بێ هەڵە نابێت، بەڵام دروستیش نییە بەشتی باتڵ ونەبوو ئازاری بدەین..

**چیرۆکەکەی ئەبو غیاس:**

یەکەم رۆژی رەمەزانی ساڵی ٢٤٠ هیجری بوو، بانگی نوێژی بەیانی لە مزگەوتی حەرام بەرز بووەوە، و رەحمەتی خوایی بەسەرکێوەکانی دەوری مەککەدا دابارى و لەگەڵ شەماڵی فێنکی دەریادا ئاوێتە بوو بەسەر پەردەکانی کەعبەدا تاهەموو ئامادەبوانی ناو حەرەم بگرێتەوە..

ریزی موسوڵمانان بەسترا بۆ بەجێهێنانی نوێژی بەیانی.. خەڵکی مەککە بەرەو حەرەم رێکەوتن، جگە لەپیاوێکی پیری بەساڵا چوو کەس لەماڵ نەمایەوە، ئەمیش کەمایەوە هۆی ئەوەبوو تەمەنی لە دەوری ٨٦ ساڵیدا بوو، تەنیا کراسێکیان بۆ نوێژکردنی هەموو خێزانەکە هەبوو، زیاد لەوە نەیدەتوانی لەبرسانا بەپێوە بوەستێ، چونکە پارشێو هیچی نەخواردبوو، شەوی رابوردو هیچیان نەبووە تابیخوات، دوێنێیشی بەبرسییەتی بەڕیکردبوو!!

کاتێ نوێژەکەی کرد لەسەر بەرماڵەکەی دانیشت و بەدلشکاوی وخەمبارییەوە بیری لەخۆی دەکردەوە، چۆن ئەم هەژارییە وادرێژەی کێشا؟ و تەنانەت وەک هاوەڵی لێ هاتووە!! بەڵام ئیمانەکەی هەموو دنیا و نازو نیعمەتەکانی لەبەرچاودا سووک و بێ ئەرزش دەکرد!! ئەوەی ئەمی پەرێشان کردبوو ئەو خێزانە گەورە برسییە بوو کەئەم سەرپەرشتیانی دەکردو بەرپرس بوو لەبژێوییان.. ئەگەر لەجیاتی ئەم کەسێکی تربوایەو ئاوەها دەوڵەمەندەکانی ببینییایە بەهەزارەها لەکاری نابەجێدا خەرج دەکەن، و بەملاو لادا بەبێ ئەوەی جێ بگرێت تەخشان و پەخشانی دەکەن، وئەمیش پێویستی بە پارچە نانێکە دەچوو بەگژ دنیادا، و رقی لەهەموو دەوڵەمەندێک دەبووەوە، بەڵام ئەم پیاوێکی ئیماندار بوو، دەیزانی کە بەخشین و نەدان لەدەست ئەو خەڵکەدا نییە.. و ئەوەی هی تۆبێت، هەرچەند لاواز و بێ توانا بیت دێت بۆ لات.. ئەوەشی کە هی تۆ نەبێت ناتوانی بەهێزو توانای خۆت بەدەستی بێنیت..قەلەمەکان بەرزکراونەتەوەو مەرەکەبی سەر لاپەڕەکانیش وشک بوونەتەوە!!

گوتی: ئاخ.. سوپاس بۆخوا لە سەر هەموو حاڵێک.. وهەستا کراسەکەی لەبەر خۆیا داکەند و بانگی خێزانەکەی کرد و گوتی: لوبابە! لوبابە کە بەپەڕۆ شڕەیەک خۆی داپۆشی بوو هات، ئەم کراسەکەی خۆی پێدا، و ئەویش پەڕۆ شڕەکەی ئەوی لەخۆیەوە پێچا، و ژنەکەی گوتی: ئەی ئەبو غیاس! ئەوە سێهەم رۆژە زەواد نەچوەتە هەناومانەوە.. ئەمڕۆیش

رەمەزانەو گەرمیشە!! ئەگەر من و تۆیش خۆمان بۆ بگیریت، کیژەکان و ئەو پیرەژنەی دایکم زەحمەتە خۆیان پێ بگیرێت!! برسییەتی هەرەشە دەکات، داوای کۆمەکی لە خودا بکە، و بڕۆدەرەوە بەڵکوو شتێکمان بۆ پەیدا بکەیت، و خودایش دەرویەکمان لێ بکاتەوە چەند پاروە نانێکمان هەبێ ئێوارە رۆژووەکەی پێ بشکێنین..

ئەویش گوتی: ئینشائەڵلا هەروا دەکەم ..

یەکێ لە نیشانەکانی راستگۆیی لە ژیانی ئیماندارەکاندا ترسبوونە لە غەزەبی خودا، ئەوەی کەبەراستی لەغەزەبی خودا بترسێت، خۆی لەخواردنی حەرام دەپارێزێت، هەژاری و نارەحەتییەکان قبووڵ دەکات بۆ ئەوەی لە خۆشی نەبڕاوەی بەهەشت بێ بەش نەبێت.. خۆ ئەگەر گوناهێکی لێ روو بدات بێگومان ئیمانەکەی خەوی لێ دەزڕێنێ تا بەدڵ و بەکوڵ لێی پەشیمان دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگاری، و خۆی لەو گوناهەی دا دەماڵێت !!..

ئیبنو جەریری تەبەری دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لەوەرزی حەجدا لەشاری مەککەدا بووم، دیتم پیاوێکی خۆراسانی هاوار دەکات و دەڵێت: ئەی حاجییەکانی ماڵی خودا!، ئەی دانیشتوانی ئەم شارە پیرۆزە! ئەی میوانەکانی خانەی خودا! کیسەیەک پارەم لێ وون بووە، و هەزار دیناری زێڕی تێدایە، ئەوەی بمانداتەوە خوا پاداشتی بە خێر دەداتەوەو لە ئاگری جەهەننەم دەیپارێزێت، و لەرۆژی قیامەتدا پاداشتی لای خودا دەبێت..

پیاوێکی پیری بەساڵا چووی خەڵکی مەککە، هەستاوگوتی: ئەی کاکی خۆراسانی! شارەکەمان وشکە ساڵی رووی تێکردووە، رۆژانی حەجیش دیاری کراوە، وەرزەکەشی سنووردارە، دەرگاکانی کاسبیش داخراوە، لەوانەیە ئەم پارەیەی تۆ کەوتبێتە لای یەکێ لەو هەژارانەی ئەم شارە، و چاوەڕوان بێ بەخششێکی بدەیتێ و بۆت بێنێتەوە.. تا تۆ پارەی خۆتت دەست بکەوێتەوەو ئەویش پاروویەکی حەڵاڵ بکات بەنۆشی..

خۆراسانییەکە گوتی: بۆ نموونە داوای چەند دەکات؟!

پییره پیاویش گوتی: دەیەکێک، کە دەکاتە سەد دینار ..

خۆراسانییەکە رازی نەبوو گوتی: شتی وا ناکەم، و کاری خۆم دەدەمە دەست خودا!!و لەورۆژەی بەخزمەتی دەگەم سکالای خۆمی لەلا دەکەم!! و ئەوم بەسە، وئەویش چاکترین پشتیوانە ..

لەخۆوە کەوتە دڵمەوە کە ئەو پیاوە پیرە هەژارە پارەکەی دۆزیوەتەوە.. ئەوکیسەزێڕەی دیوەتەوەو چاوی بڕیوەتە بەشێکی کەمی، منیش بەتیلی چاو ناوبەناو سەیرم دەکرد، کاتێ لەمزگەوت دەرچوو کەوتمە شوێنی تاگەیشتەوە خانەولانەکەی..هەروابوو کەمن گومانم بۆی چووبوو، گوێم لێ بوو بانگی خیزانەکەی کرد و گوتی: لوبابە! لوبابە! ئەویش گوتی: ئامادەی خزمەتم ئەبو غیاس! فەرموو..

گوتی: خاوەن پارەکەم دییەوە، جاڕی بۆ دەدا، بەڵام نەیدەویست هیچ بدات بەوکەسەی دیویەتییەوە، منیش پێم گوت: سەد دیناریمان پێ بدە، کەچی گوتی: وەڵا نایدەم و ئەوەیشی دیویەتییەوەو نامداتەوە حەواڵەی خوای دەکەم..لوبابە! نازانم چییکەم..؟! دەبێ هەر بیدەمەوە، من لە خوای خۆم دەترسم، دەترسم گوناهەکەم بکاتە دووبەرابەر!!

ژنەکەیشی پێی گوت: پیاوەکە! ئێمە ئەوە پەنجا ساڵە پێکەوە ئازاری هەژاری دەچێژین، چوار کچ و دووخوشکت هەیە، من و دایکیشم بەتۆوە دەبینە نۆ کەس.. نەمەڕێکمان هەیە نە کێڵگەیەک، هەمووی هەڵبگرە بۆ خۆت، ئێمە برسین تێرمان بکە، ئەها چەند روتین دە بەو پارەیە پۆشتەمان بکەرەوە، بەڵکو خوای باڵا دەست دوای ئەوە دەوڵەمەندت بکات، و پاش تێرکردنی منداڵەکانت خودایش بیڕژێنێ بەسەرتا، یا قەرزەکەت بۆ بار بکات ..

ئەویش پێی گوت: لوبابە! ئایا پاش هەشتاو شەش ساڵ تەمەن، و ئەو ماوە دوور و درێژە خۆگرتن لەسەر هەژاری، تازە دەست بەخواردنی حەرام بکەم،و ناو دڵ و دەروونی خۆمی پێ بسووتێنم؟! کەئێستا سەرم لە گوێی قەبەر دەلەرزێت؟! وەڵلاهی کاری وا ناکەم !

ئیبنو جەریری تەبەری دەڵێ: کەگوێم لەم وتو وێژەی نێوانیانەوە بوو، سەرسام بووم لەحاڵی ئەم دوانە..کەسبەینێ رۆژ بوەوە گوێم لێ بوو خاوەن پارەکە جاڕی دەدا و دەیگوت: ئەی خەڵکی مەککە! ئەی کۆمەڵەی حاجییان! ئەوەی کیسەیەک پارەی دیوەتەوە هەزار دیناری زێڕی تێدایە، با بماندانەوە، و پاداشتی لەسەر خودایە ..

پیاوە پیرەکەش هەستایەوە بۆی و گوتی:کاکی خۆراسانی من دوێنێ ئامۆژگاریم کردیت و پێم گوتیت: شارەکەمان ئاژەڵ و ماڵاتی کەمە و کەم کشت و کاڵە، کەمێ دڵ فراوان و بەخشندەبە بەرامبەر بەوەی دۆزیویەتییەوە، تا ئەویش کارێکی پێچەوانەی شەرعی خوا نەکات، و پێیشم گوتی: سەد دینارێکی بەخشش بدەیی بەگوێت نەکردم، بە دە دیناریش رازی نەبوویت، کاکە دینارێکی بدەیێ ت کەم دیت خۆ ئەگەر ماڵەکەت کەوتبێتە دەست یەکێکی خوا ناس و پارێزکار، بابە تەنیا دە دیناری بەخشش بدەیێ لە جیاتی سەد دینار، تا ببێتە پەردەیەک بۆ ماڵ و منداڵی.. وخۆی منداڵەکانی لە برسییەتی پێ قوتار بکات!!..

خۆراسانییەکە رازی نەبوو گوتی: شتی وا ناکەم، و کاری خۆم دەدەمە دەست خودا، و لەو رۆژەی بەخزمەتی دەگەم سکاڵای خۆمی لا دەکەم!! و ئەوم بەسە، وئەویش چاکترین پشتیوانە .

ئیبنو جەریر دەڵێ پاش ئەوە خەڵکی بڵاوەیان لێکرد و رۆیشتن ..

لەسەعاتێکی دوایینی رۆژداپیاوە پیرەکە رۆیشت بۆلای خۆراسانییەکەو پێی گوت: کاکی خۆراسانی! پێرێ پێم گوتیت: ئەوەی دیویوتییەوە سەد دینار بەخششی پێ بدە، بە گوێت نەکردم، دوێنێ پێم گوتی: دە دیناری پێ بدە، هەر بەگوێت نەکردم. کوڕە! تەنیا یەک دینار بەخششی پێ بدە، با بەنیوەی مەڕێکی پێ بکڕێت،و شیرەکەی بخوات، و بەشی خەڵکیشی لێ بدات و پاداشتی تووش بێت، منداڵەکانی پێ تێر بکات و بەختەوەر بێت ..

خۆراسانی گوتی: شتی وا ناکەم، و کاری خۆم دەدەمە دەست خودا، و لەو رۆژەی بەخزمەتی دەگەم سکاڵای خۆمی لا دەکەم و ئەوم بەسە، وئەویش چاکترین پشتیوانە!!

پیاوە پیرەکەش رای کێشا و پێی گوت: دەوەرە کابرا! با پارەکەت بدەمەوە، تا شەوانە بەرەحەتی بخەوم، لەوکاتەوە دیومەتەوە تائێستا دڵم ئاسوودە نەبووە..

ئیبنوجەریر دەڵێ: پیاوە پیرەکە دەستی خوراسانییەکەی گرت وپێکەوە رۆیشتتن، منیش کەوتمە شوێنیان تا پیرە پیاو رۆیشتە ناو ماڵەکەیەوە، لەپەنایەکەوە زەوییەکەی هەڵکەند و لیرەکانی دەرهێنا، ودایە دەست کابرای خوراسانی وگوتی: فەرموو بیگرە، ئەوە پارەکەت. لەخوا داواکارم لێم خۆش ببێت، ولە خەزێنەی بەخششی خۆیەوە رزق و ژێواریم بۆ بنێرێت!!.

کابرای خۆراسانی لیرەکانی وەرگرت، و ویستی بچێتە دەرەوە، کە گەیشتە دەم دەرگای ماڵەکە، گوتی: مامە گیان! باوکم بەرەحمەت بێ لەدنیا دەرچووە، وسێ هەزار دیناری لە پاش بەجێماوە، پێش ئەوەی بمرێ وەسێتی کرد، و پێی گوتم: سێ یەکێکی ئەم پارەیە ببەخشەرەوە بەسەر کەسانێکدا کە بەلای خۆتەوە موستەحەقترین کەس بن، منیش کردمە ناو کیسێکەوە،و جوان گرێم دا تا بیبەخشمەوە بەسەر ئەوکەسانەدا کە موستەحەق بن، وەڵڵاهی لەوکاتەوە لەخۆراسان دەرچووم تا ئێستا لە تۆ موستەحەق ترم نەبینییوە، فەرموو هەڵی بگرە بۆ خۆت بەنۆشی گیانت بێت.. خوا پاداشتت بداتەوە لەسەر ئەو ئەمانەت و دەست پاکییەت، و خۆگریت لەسەر نەبوونی و هەژاریت، ئەنجا رۆیشت و پارەکەی بۆ بەجێ هێشت..

ئیبنو جەریر دەڵێ: پیاوە پیرەکە هەستایە سەر پێ و بەگریانەوە لەخوادا دەپاڕایەوە کە لەگوناهی خاوەن پارەکە خۆش ببێت، و لەگۆڕەکەیدا رەحمی پێ بکات،و بەرکەت بخاتە ژیان و تەمەنی کوڕەکەیشیەوە. سووپاس و ستایشی دەکرد،و دوعای بۆدەکرد .

ئیبنو جەریر دەڵێ: منیش شوێن خۆراسانییەکە کەوتم  بچمە دەرەوە، بەڵام ئەبوغیاس هات بەشوێنمدا و گێڕامیە دواوە، و پێی گوتم: دانیشە! سەرنجم داوە لەیەکەم ڕۆژەوە تۆ بەشوێنمەوەیت، ئاگاداری هەواڵی دوێنێ و ئەمڕۆمانیت، منیش لە (ئەحمەدی کوڕی یونس ی یەربوعی) م بیستووە  دەیگوت لە مالیکم بیستووە، دەیگوت: لەنافیعم بیست کە دەیگوت: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر دەیگوت: لە پێغەممەری خودام بیست- صلی الله علیه وسلم– دەیفەرموو بە عومەر وعەلی - خودا لێیان رازی بێت - : ئەگەر بێ داواکردن و خواستی دەروون، بەخششێکتان لەلایەن خوداوە بۆ هات وەری بگرن، و مەیدەنە دواوە، ئەگەر بیدەنە دواوە ئەوە بەخششی خوا دەدەنە دواوە.. ئەمەش دیارییەکی خودایە، و دیاریش بۆ ئامادەبووانە..

ئەنجا بانگی خێزانەکەی کرد و گوتی: لوبابە! لوبابە! یەک بەیەک کچەکانی بانگ کرد، دوو خوشکەکەی بانگ کرد، دایکی خیزانەکەیشی بانگ کرد.. خۆی دانیشت و بەمنیشی گوت: دابنیشە.. هەمووومان بووین بە دە کەس.. و دەمی کیسەکەی کردەوەو گوتی: کۆشتان بکەنەوە، من کراسم لەبەردا بوو کۆشم کردەوە، ئەوان نەیان توانی کۆشیان بکەنەوە چونکە تەنیا خۆیان داپۆشیبوو، لەبەر ئەوە مشتیان کردەو، ئەنجا دینار دینار دەستی بە ژماردنی کرد،  دینار دیناری پێ دەداین، تا کیسەکە خاڵی بوو، هەرەیەکەمان سەد دیناری بەر کەوت..

ئیبنو جەریر دەڵێ: ئای چ خۆشی و شادییەک کەوتە دڵمەوە!! دەوڵەمەندبوونی ئەوانم  بەلاوە خۆشتر بوو لە دەستکەوتنی سەد دینارەکەی خۆم.. کاتێ ویستم بڕۆمە دەرەوە پێی گوتم: ئەی لاو! تۆ پیاوێکی موبارەکیت! من هەرگیز پارەی وام نەدیوە، و نەشهاتووە بە خەیاڵمدا! من ئامۆژگاریت دەکەم: ئەم پارەیە پارەیەکی حەڵاڵە،  ئاگات لێی بێت..

ئەنجا باسی خۆی بۆ کردم، و گوتی: من بەیانیان هەڵدەستام بۆ نوێژی بەیانی، بەم کراسە کۆنەوە نوێژم دەکرد، ئەنجا لەبەر خۆمم دادەکەند،

تاکیژەکانم یەک لەدوای یەک دەیان کردە بەریان، و نویژەکەیان پێوە دەکرد، ئەنجا دەردەچووم بۆکار، تانێوان نیوەڕۆ و عەسر، ئەنجا لەئێوارەدا خوا چی کردبوو بە نسیب، لە خورما و پارچە نان دەمهێنایەوە، و دەگەڕامەوە بۆماڵ، وکراسەکەم دادەکەند، و کیژەکانم یەک بەیەک لەبەریان دەکرد، و نوێژی نیوەڕۆ و عەسریان پێوە دەکرد، هەروەها لە مەغریب و عیشایشدا. هەرگیز نەدەهات بەخەیاڵماندا رۆژێ لەڕۆژان ئەم دینارە زێڕانە، بەچاوی خۆمان ببینین، وببین بەخاوەنی!! خوا بیکاتە مایەی خێر بۆ ئێمەو بۆ تۆیش، رەحمیش بەخاوەن پارەکە بکات لە گۆڕەکەیدا، و پاداشتی چەند بەرابەری کوڕەکەیشی بداتەوە..!!

ئیبنو جەریر دەڵێ: ئەوانم بەجێ هێشت، و ماڵئاواییم لێ کردن.. و سەد دینارە زیڕەکەم لەتەک خۆمدا هەڵگرت.. دوو ساڵی تەواو خەرجی کتێب و نووسینی زانیاریم لەسەر ئەو برە پارەیە بوو!! خواردنم پێ دەکڕی، کاغەز و کتێبم پێ دەسەند، سەفەرم پێ دەکرد، و کرێم لەو دەدا.. هەروەها دەڵێ: پاش شانزە ساڵ لەو مێژووە سەرم لەمەککە دایەوە، هەواڵی ئەبو غیاسم پرسی، گوتیان: بەچەند مانگێک پاش ئەو رووداوە کۆچی دوایی کردووە.. ژنەکەی و دایکی ژنەکەی و دوو خوشکەکەی مردبوون، تەنیا کچەکان مابوون، ئەوانیش بە پیاوانی ناودار و میر و شازادە شوویان کردبوو، بەهۆی بڵاو بوونەوەی هەواڵی پیاوچاکی و سەڵاح و پارێزکاری باوکیانەوە، منیش تا وەفاتیان کرد سەردانی مێردەکانیانم دەکرد، و ئەوانیش هۆگرم ببوون، و رێزیان لێ دەگرتم، و بەدیتنم شاد دەبوون.. خوا لە ئێمەش و ئەوانیش خۆش ببێت..

خودای باڵا دەستیش دەفەرموێت:".. وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا (2) وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ" الطلاق/ ٢،٣.

لە شەوی ٢٠١٦/١١/٢دا تەواوم کرد..

# # #

# ٣

# بەرهەمی خوا ناسی:

## چیرۆکێکی ئیمانییە و لەکوردستانا رووی داوە

### نووسینی: د. حەسەنی پێنجوێنی

لەم رۆژانەدا چاوم بەیاداشتە کۆنەکانما دەخشاندەوە تا شەن و کەوێکیان بکەم و لە تەتەڵەیان بدەم، رووداوێکی سەیرم دی کەچەند ساڵێ لەمەوبەر لەشاری سنەدا تۆمارم کردبوو، ئەمەش رووداوەکەیە:

لەتەك برای بەڕێز خوا لێ خۆشبوو مامۆستا سەیید نەجموددیندا بەخێزانی سەرێکمان لەهەمەدان دا بۆ سەردانی ماڵی کچەکەی کە تازە شووی کردبوو، لەوسەرەوە کە هاتینەوە بۆ سنە، لەمەیدانی نەبی دابەزین، و لێك جیا بووینەوە، و هەریەکەمان سواری تەکسییەك بۆین و بەرەوماڵی خۆمان رۆیشتینەوە..

رۆژی هەینی 7/4/ 89 بوو، کیژی ناونجیم (رازاو)کە لەوکاتەدا تەمەنی نۆ ساڵان بوو، بیست تمەنییەکی دایە دەستم وگوتی: بابە! ئەوە لەناو تەکسییەکەدا کەوتبوو، منیش سوپاسم کرد، و لێم وەرگرت، و دامە دەست سایەقەکە، ئەویش سوپاسگوزار بوو، پاشان گوتی: ماوەیەك پێشتر ئەو پووڵەم لەدەست داکەوت و ماوەیەك بەشوێنیا گەڕام کە نەم

دییەوە، ئیتر وێڵم کرد، و وازم لێ هێنا، وا ئێستا ئەو کەنیشکە دۆزیویەتەوە..

گوتم: بەهەرحاڵ ئینسان بەماڵی خەڵك نابێ بە هیچ، و با لێ پرسینەوەی دوا رۆژیش بوەستێ.

گوتی: قوربان! قسەکەت راستە، بەڵام بیست تمەن چییەو چی دەکات؟ ئەمساڵ لەم تەکسییەی خۆمدا شتێکم دۆزییەوە خەیاڵی بوو، خەیاڵی.!!

گوتم: چۆن؟

گوتی: سێ لاوی فارس زمان دەستیان لێ راگرتم، کەوەستام جانتایەکیان پێ بوو، گوتیان: باوەڵەکەی دواوەتمان بۆ بکەرەوە، تا ئەم جانتایە تیا دابنێین. منیش بۆم کردنەوە، و جانتاکەیان تێهاوێشت، سواربووین و هاتین، پاش پێنج دەقیقەیەك دوانیان دابەزین، و خوا حافیزییان کرد. ئەوی تریان گوتی: بمبە بۆ مەیدانی ئیمام.. لەونزیکانە دابەزی، و ئەویش خوا حافیزی کرد، و گوتی: ببورە و گەردنم ئازاد بکە..

گوتم: هەزار جار گەردنت ئازاد بێ و خوا حافیزت بێ..

ئەو رۆیشت و جانتای لەبیر چوو، منیش هەر بیروهۆشم نەبوو کە لەناو باوەڵەکەدا جانتاکەی جێماوە.. ئەو رۆژە تا ئێوارە کارم کرد، لەدەمەو ئێوارەدا پیاوێك دەستی لێ راگرتم، و گوتی: ئەو ساکەم بۆ بخەرە ناو سندووقەکەتەوە.. منیش رۆیشتم باوەڵەکەی دواوەم بۆ کردەوە، دیتم جانتای لاوە فارسەکە جێماوە!!

گوتم: برا ! کلیلی باوەڵەکەم لێکەوتووە، و بۆم ناکرێتەوە، و خوا حافیز، ئابرام جێ هێشت، و رۆیشتمە شوێنێکی چۆڵەوە، جانتاکەم دەرهێنا بزانم چی تێدایە؟ هەرچیم کرد بۆم نەکرایەوە، ناچار دڕاندم.. بەڵام چی تیا بوو!! دەیان بەستەی هەزار تمەنی، و پێنچ سەدی، و دوو سەدی و سەد تمەنی تیابوو. ئیتر نەم ژمار بزانم چەندە، بەڵام یەجگار زۆر بوو، وەك

خۆیم لێ کردەوە، و خستمەوە ناو باوەڵەکەی دواوە، ورۆیشتمەوە بۆ ماڵ خۆمان..

پارەکەم نەبردەوە ناو مناڵەکان، لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر بیبەمە ماڵەوە لەوانەیە مناڵەکان لەخشتەم ببەن، و تەماحی خواردنی بنێنە بەردەمم، و تووشی حەرام خۆری ببم!! بۆیە هەر لەناو باوەڵی تەکسیەکەدا جێم هێشت و دەرم نەهێنا، لەم لایشەوە دەترسام شتێکی بەسەربێ.. ئینجا خۆم دڵخۆشی خۆمم دەدایەوە، و دەمگوت: کێ دەزانێ من شتی وام دیوەتەوە، تابێت سندووقەکە بکاتەوە و پارەکە ببات؟!

لەدڵی خۆما بەتەواوی بڕیارم دا بیدەمەوە بەخاوەنی، لەبەر ئەوە بەهیچ جۆر باسی جانتاکەم لای مناڵەکانم نەکرد.. سبەینێ کە لەماڵ چومە دەرەوە، ئەفسەری پۆلیسەکانی ڕێگاو بانم ئاگادارکردەوە، کە: ئەمانەتێك لەناو تەکسیەکەمدا جێماوە، هەرکەس هەواڵی پرسی ئەم ژمارە ماشینەی منی بدەنێ، و بڵێن: لای (موحەممەدی سەمەدی)یە، بەلاَم تا پێتان نەڵێ پێی مەڵێن: فلاَن شت و فیسار شتی تێدایە..

گەیشتمە مەیدانی ئیمام، بەئەفسەرو پۆلیسەکانم ڕاگەیاند، لەدەور (مەیدانی ئیقباڵ)دا هەمدیسان ئاگادارم کردن.. بەهەر ئەفسەر و پۆلیسێکی ڕێگەوبان بگەیشتمایە ئاگادارم ئەکردنەوە، چەند کەسێکیان وتیان: بۆ نایبەیتە ئەنجومەنی تەکسی لێخوڕانی خۆتان؟

گوتم: ئەترسم شتێکی بەسەربێ و دوایی ئابڕووی من بچێ. چۆن کاری وا دەکەم؟!

ئەو ڕۆژە تا دەماو دەمی نیوەڕۆ گەڕام، هیچ نەبوو، پاش نیوەڕۆ یەکێ لە پۆلیسەکان گوتی: موحەممەد! یەکێك هەواڵی پرسیوە.. بەلاَم شتێ زۆر سەیری باس دەکرد!!

گوتم: وەك چی؟

گوتی: دەی گوت: دوو ملیۆن و حەوت سەد هەزار تمەنی تێدایە!!

گوتم: راستی گوتووه، لەکوێ یە؟

گوتی: راستی گوتووه؟!

گوتم: بەڵێ..

ئیتر تەلەفونیان کرد، و کابرا هات بۆ پۆلیسخانەی هاتوچۆ(کەلأنتەری شارەبانی)، لەوێ دیتم، و گوتم: هەموو ناونیشانەکانی بڵێ..

ئەویش ناونیشانەکانی بەتەواوی گوت..

گوتم: برادەر! جانتاکە لای منە.. ویستم بزانم چی تێدایە؟ بۆم نەکرایەوە، بەناچاری هەڵم بچڕی و دڕاندم..

گوتی: بەقوربانت بم ئەوە هیچ قەیدی نییە..

گوتم: فەرموو.. ئەوە جانتاکەت.. بەلاَم پێم ناڵێیت ئەم پووڵەت چۆن پەیدا کردووە و کۆت کردۆتەوە؟

گوتی: ئەمە معاشی مانگانەی کارمەندانی فلاَن ناوچەو فیسار ناوچەیە، ئەگەر دەستم نەکەوتایەتەوە سبەینێ دەیان کوشتم.. چونکە وایان دادەنا کە بە پیلانی خۆم ئەم کارە روویداوە!!

لاوەکە ئەوەند خەفەتی خواردبوو بەتەواوی رەنگی هەڵپڕوکابوو، بەحاڵ گیانی تیا مابوو، دەستی برد دە هەزار تمەنی جیا کردەوە، و دایە دەستم..

گوتم: دەسەلاَتت هەیە؟ ژیانت باشە؟

گوتی: ئەوی راستی بێ کرێ نشینم!! دەبێ لەکیسەی خۆم بت دەمێ، و بۆیشت قەرزبکەم!! بەلاَم پڕ بەدڵ پێم خۆشە لێم وەربگری، و وەك شیری دایکت پێت حەلاَڵ بێ، و گەردنیشت ئازادبێ..

گوتم: وەڵلا یەك قرانی هەڵناگرم.. برۆ خوات لەگەڵ.. هەرچەند ئەملاولای ماچ کردم، و دەستی ماچ کردم لێم وەر نەگرت!!

گوتی: خوا بەرەحمەتی خۆی پاداشتت بداتەوە، بەڕاستی تا ماوم لەبیرم ناچێتەوە، و هەرمەمنوونم..

گوتم: ئابرا(ئاغا برا) مەمنوونی خوابە، کە بەهرەی ئیسلامی پێ بەخشیوین، ئەگەر باوەڕم بەخوا نەبوایە هەرگیز نەم دەدایتەوە!! بەلاَم وا ئێستا خواردیشم.. ئەی رۆژی قیامەت لە بارەگای خوادا چی بڵێم؟

# # #

منیش پیرۆزبایی ئەو هەڵوێستە ئیمانییەم لێکرد،و گوتم: سوپاس بۆ خوا کەئەو ئیمانەی پێ بەخشیویت، و ئەو جوامێرییەت لەدەست هاتووە. گوتم: خەڵکی کوێیت؟

گوتی: باو باپیرانم خەڵکی دێی ( توار)ن..

گوتم: لەگەڵ نوێژەکانتا چۆنیت؟

گوتی: پێ بزانم لەتەمەنی دوانزە ساڵیمەوە نوێژ و رۆژووم نەچووە.

گوتم: کەوابوو ئەمە بەرهەمی خوا ناسییە!!

# # #

# ٤

# ڕووداوەکەی چەمی بووزان

## ڕووداوێکی واقیعی وچیرۆکێکی پەروەردەییە

## نووسینی : د. حەسەنی پێنجوێنی

مەلاسەید عەلی بۆی گێڕامەوە وگوتی:

فایەقی حەمە ساڵحی کوڕەمێوی لەساڵی 1991دا لەکاتی کۆ ڕەوەکەدا ماڵ ومنداڵی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بەرەو باریکە وکانی پانکە دەکەونە ڕێ، لەو ڕێیەدا لەنزیك {بێستان سوور}ەوە شتێکی ڕەشی قەبەی پێش چاو دەکەوێ، دەگەڕێتەوە سەری، دەبینێ ئەمە عەبایەکە، و پێچراوە لە قابلەمەیەکی گەورەوە، سەری قابلەمەکە لادەبات، دەبینێ پڕیەتی لە بیست وپێنچ دیناری چاپی سویسری، هەڵی دەگرێ و دەگەڕێتەوە، و دەییات لەماڵ ڕێزانی کچیدا قایمی دەکات..

پاشان بەردەوام دەبن لەکۆچەکەیاندا، تادەگەنەوە چەمی بووزان{Boozan}ماوەیەك لەوێ دەمێننەوە، پاش ئەوە کە نەتەوە یەگرتووەکان فەرمانی دەرکرد، بە دژە فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی

عیـراق، و ناوچەکـەی کـرد بـە ناوچەیـەکی هـێمن، دەگەڕێنـەوە شـوێنی خۆیـان.. بـۆ ئـەوەی خـاوەنی ئـەو پـارە دۆزراوە بدۆزێتـەوە، بـەردەوام دەپرسـێ: دەبـێ کـێ پارەیـەکی زۆری لـێ وون بوو بێت؟! کـەس نابێت.. ناچـار وەك ئاگادارییـەك بـە نووسـراو بـەدەرگای هـەموو مزگەوتـەکانی {نەسـر} و {باریکـە} و {عەربـەت}دا هـەڵی دەواسـێ، بـەڵکو خاوەنەکـەی پەیدا بکات.. هەندێك دێن و یەکێك دەڵێ پەنجا دینـار، و ئـەوی تر دەڵێت: سەد دینار و...تاد.. بەلاّم بێ سوود دەبێت، خاوەنەکەی نابینێتەوە..

ماوەی سێ ساڵی تـەواو بـەسـەر ئـەم رووداوەدا تێدەپـەڕێ هێشتا خـاوەنی پارە لەهیچ شوێنێکەوە دیار نییە!!

کوڕەکانی داوای لێدەکەن بیانداتێ کاسبییەکی پێوە بکەن چونکە هەژارو کـە م دەسـتن، بـا کـەمێ وەزعـی ژیانیـان بـاش ببێـت، بێسـوود دەبێـت و بەگوێیان ناکات، و پێیان دەڵێ: کوڕم! ئەمـە مـاڵی خەڵکە بەئێمـە حەرامـە، خۆ ماڵی خۆمان نییە تا چۆنمان بوێ وا بەکاری بێنین!!..

فایەق لەبەر بێکاری رووداوەکاتە تکریت، بۆ ئـەوەی لـەوێ کارێك بەدەست بێنێت، رۆژێك لەخاڵی پشکنینی تکریتدا وەك رەشبگیری خەڵکی دەگرن، ئـەمیش کـە کـورد دەبێـت دەیگـرن،و پـاش چەنـد رۆژێـک دەینێـرن بـۆ ئیستیخباراتی کەرکووك، کە دەیبەنە ناو زیندانەکەوە پیاوێکی ماتی مۆنی کەمدوو دەبینـێ، ئـەمیش لێـی دەپرسـێ: ئـەوە بۆ تـۆ ئەوەندە گرژ و مڕو مۆچ و بێدەنگی؟ تەنیا من و تۆ نوێژ دەکەین کەمێ رووخـۆش بـە، و دوو قسەی خۆشم بۆ بکە!!

ئـەویش هەناسـەیەکی سـارد هەڵدەکێشـێ، و دەڵـێ: کاکـە براکـەم! ئـەوەی لەمن قەوماوە یاخوا لەکـەس نەقـەومێ، خەفـەت هـەرچوار دەری دیواری دڵمـی تـەنیوە.. ئـەمیش پێـی دەڵـێ: ئـەو خەڵکـەیش هـەموو وەك تـۆ لێیـان قەوماوە، وکۆێرەوەری و نەهامـەتیان بـە سـەرا هـاتووە، و گـوێش نـادەنێ. چونکـە بەخەفـەت نارەحەتییەکـەت لـەکۆڵ ناکـەوێت، بـەڵکو نارەحـەت تـر دەبیت.. ئادەی بزانم چیت لێ قەوماوە؟

ئـەویش دەڵـێ: دووبـرام هـەبوو ئـەنفال کـران، کۆمـەڵێ هـەتیوی ئەوانیشـم بەسـەرا کـەوتووە، ئێمـە هـۆزی جـەباری لای کـەرکووکین، ئـاوارەو دەربـەدەر کـراوین، جگـە لـە درویێنەکەر{دراسـە}یەك هیچمـان بـۆ دەرنەچوو، ئەویشمان فرۆشت بـە 195 هـەزار دینـار و ویستمان کـارێکی پێ بکەین، بەلاَم لەکۆچ و رەوەکـەدا لـەنێوان {عەربـەت} و{کـانی پانکـە}دا لێمـان کـەوت و هـەرچی بەشـوێنیا گـەڕاین و جارمـان بـۆدا نـەمان دۆزییـەوەو پەیـدامان نـەکرد، و ئەویشـمان فـەوتاو تیـاچوو!! سـەرباری هـەمووی ئـەوەتـە دەمبینـی منـیش لێـرە حیجـزم و هیـوای بـەربوونم نییـە.. ماڵ و منـاڵیش بێکـەس،و بـێ سەرپەرشـتێك.. ئـەرێ کاکـە گیـان ئـەبێ کـێ لەمن لێقەوماوتر بێت؟!!

فایەقیش لێی دەپرسێ: ئەرێ برا! تۆ ماڵ و منداڵەکەت ئێستا لەکوێن؟

ئـەویش دەڵێـت: لەپـەنای فلانـە مزگـەوتن، لـەفلان گـەڕەك، لەشـاری هەولێر ..

فایـەقیش پێـی دەڵـێ: مـن پـێم وایـە بـەم زوانـە بـەردەبم، جـا ئەگـەر راسـپاردەیەکت هەیـە تـا بـەماڵ و منداڵەکـەتی بگەیـەنم.. ئـەویش دەڵێـت: ئەگەر توانیت سەریان لێ بدەیت تەنیا ئەوەندەیان پێ بڵـێ: کـە مـن مـاوم و لەزیندانی کەرکووکم..

کابرای هاوەڵی لێی دەپرسێ: باشـە تۆ عیلمـی غـەیبت پێیـە، تۆ چووزانـی بەم زوانە بەردەبیت؟

فایـەقیش دەڵـێ: بـەخوا کـاتێ تـۆ بەسـەرهاتەکەی خۆتـت بـۆ گێڕامـەوە تێگەیشـتم بـۆچ مـن راپێچـی ئـەم زیندانـە کـراوم!! خـۆم لـێم روونـە هـیچ تاوانێکم نەکردووە، تەنیا بۆ ئـەوە خـوا منـی ناردووە بۆ ئێرە تـا تۆ ببینم، ئەوا تۆم بینی حەتمەن مەبەست لەگرتنەکەم تەواو دەبێت و بەردەبم !!..

ئەویش دەڵێ: یا خوا وابێ..

شـێخ تـاهیری چوێسـەیی کـوڕی شـێخ عـەبولقادری چوێسـە، لەگـەڵ عیززەت دووریا نێوانیان زۆر خۆش بوو، پەیوەندییەکی دۆستانەی توند و تۆڵ و پتەویان هەبوو، قەدەری خوا شێخ تاهیر دێت بۆ کەرکووك، و سەرێك لە زیندانی ئیستیخباراتی کەرکووك دەدات، تا ئەوانەی دەروێشی ئەون و بەتۆمەتی هاوکاری لە گەڵ پێشمەرگەدا گیراون بەریان بدات ..

فایەق دەڵێت: کەشێخ تاهیر هاتە ژوورەوە، من رۆیشتم یەکسەر دەستیم ماچ کرد، و گوتم: قوربان! خۆم و باو و باپیرەم دەروێشی ئێوە بووین، و ئێستاش بەناهەق گیراوم، بەڵکو بەرەڵاَم بکەیت..

ئەویش لێی دە پرسێ: لەسەر چی گیراویت؟گوتم: لەسەر هیچ..

گوتی: چۆن لەسەر هیچ؟ گوتم: بەخوا لەبازگەکەدا رەشبگیر بوو، منیان گرت و راپێچیان کردم، دەنا – بەخوا قەسەم - هیچ تاوانێکم نییە !

ئەویش پێی دەڵێ: دەوەرە ئەم کەنارەوە و بڕۆرە ناو ئەو کۆمەڵەوە کە من دەمەوێت بەرەڵاَیان بکەم.. ئەویش خێرا دەچێتە ناویانەوە، و پاش دوو رۆژ ناویان دەخوێننەوەو بەرەڵاَیان دەکەن..

پاش ئەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، و خزم و دۆستانی سەر سام دەبن، و دەڵێن: ئێمە بەتەما بووین تۆ لە قەمبەر عەلی و بەغداوە هەواڵی خۆت و کاسبیەکەت بۆ بناردینایە! کەچی تۆ لێرەیت..!!

ئەویش بەسەر هاتەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، پاش یەك دوو رۆژێ دەچێت بۆ هەولێر و لەسەر ئەو ناو نیشانە ماڵەکە دەدۆزێتەوە، و دەچێتە ماڵەکەیانەوەو پاش سلاَو پێیان دەڵێت: ئێوە کەستان گیراوە؟ ئەوانیش لەبەر ئەوەی نایناسن ناوێرن بڵێن: بەڵێ.. ئیتر کە دەزانێ دەترسن پێیان دەڵێت: من سێ رۆژە بەر بووم.. مامتان لە ئیستیخباراتی کەرکوك گیراوە، سوپاس بۆ خوا ماوەو زیندووە، و ئینشائەڵلا ئەویش بەر دەبێت..

من ناونیشانەکەم لەو وەرگرتووە.. بۆ ئەوەش هاتووم بۆ لاتان مژدەیەکی زۆر خۆشتان بدەمێ؟

ئەو پارەیەی ئێوە لەکۆچ و رەوەکەدا لێتان کەوتبوو من دۆزیومەتەوە، و هاتووم پێتان بڵێم : لای منە و بێن بیبەنەوە..

دەڵێت: ئەوانیش بەیەکجار دابارین بەسەرما دەستیان ماچ دەکردم، ئەملاو لایان ماچ دەکردم، گریانی خۆشیان بەرزبووەوە،و منیش لەخۆشی ئەوان خوڕخوڕ فرمێسك بەچاوما دەهاتە خوار!!

ئەو شەوە لەلایان مامەوە و بەیانی هەموویانم هێنا بۆ سلێمانی، و لەوێ پارەکەم تەسلیم کردنەوە، و 15 هەزار دیناریان لاخست وگوتیان: ئەگەر تۆ ئێمەت خۆش دەوێت، توخودا هەڵی بگرە!!

ئەڵێ منیش پێم گوتن: بەخوا قەسەم پێنج سەد دینارم نییە، بەڵام وەڵلاهی فلسێکی تادینارێکی تا هەزار دینار و بەرەو ژوورتری نایەتە باخەڵی منەوەو وەری ناگرم.. توخوا 15 هەزار زۆر ترە یا 195 هەزار؟ بەخوا قەسەم زۆر پێویستم پێی بووە، بەڵام لەترسی خوا دەستم بۆ نەبردووە.. من کە ئەوەم نەویست، بەخوا ئەوەیشم ناوێت، هیوادارم خوا بیکاتە توێشووی قیامەتمان..

# # #

بەڵێ ئیمان کاتێ لە دڵەکاندا جێگیر بوو، ئاوەها داوری خۆی دەبینێ!!

# ٥

# گەندەڵی و دەستپاکی:

## چیرۆکێکی پەروەردەیی سەرنج ڕاکێشە

**پێشەکی:**

لەو هەموو وتارانەی ڕۆژانە بە ئیمێلەکانا بۆم دێت، و ئەو سایتانەش کە لینکەکانیانم بۆ دەنێرن و سەر لەناوەڕۆك و پێرستەکانیان دەدەم هەندێکیان لێ هەڵدەبژێرم بۆ ئەوەی پێشکەش بە خوێنەرانی بکەمەوە.. ئەوەی لەسایتەکاندایە بەلینکەوە دێت، وعادەتەن ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوەیەو دیارە، بەڵام ئەوانەی بە ئیمێل دێن لە سەدا نەوەدیان سەرچاوەکەی و ناوی نووسەرەکەی بەسەرەوە نییە.. لەراستیدا ئینسان ئیحراج دەبێت، و نازانێ چی بکات؟ لەبەر ئەوە ناچاردەبم وەك خوێندنەوەیەك پێشکەشی بکەم.. بابەتی ئەم هەفتەیەشمان بریتییە لە کورتە چیرۆکێکی پەروەردەیی سەرنج ڕاکێش و لەبەر ئەوەی بێ ناویش بوو ناوم لێ نا گەندەڵی و دەست پاکی..

**نووسەري چیرۆکەکە دەڵێ:**

لەبەیانی ڕۆژێکی بەهاریدا، تازە هەتاو گەرم ببوو، پیاوێکی پیری بەساڵاچوو، کە خۆی خاوەنی ئەو کارگەیەو سەرۆکی جێبەجێکردنیشی بوو. لە نووسینگەکەی خۆیا دانیشت، و بڕیاری دا دەست لە سەرۆکایەتی

جێبەجێکردنی کومپانیاکە بکێشێتەوە، وئەم جێگایە بۆ یەکێ لەولاوە لێهاتوانە چۆڵ بکات، تا خوێنێکی تازەونوێ بەجوستەی کومپانیاکەدا بگەڕێ،` وچالاکی و ژیانەوەیەکی نوێی تێ بێتەوە.

نەیویست ئەم ئەرکە بەیەکێ لە کوڕەکان یا نەوەکانی خۆی بسپێرێ، بەڵکو بڕیارەکەی پێچەوانەی عادەت و نەریتی ئەو سەردەمەبوو..

**بیرێکی نوێ:**

لەئاهەنگێکی شکۆداردا هەموو بەرپرسە جێبەجێکارە لاوەکانی کۆکردەوە، و لەو کۆبوونەوەیەدا وەك بۆمبێك ئەم پێشنیازەی خۆی تەقاندەوە.. و گوتی: کاتی ئەوە هاتووە ئیتر خۆم دەست لە کار بکێشمەوە، وسەرۆکی ئایندە لەنێو ئێوەی لاودا هەڵبژێرم. هەموو بەجارێکا سەراسیمەبوون، و چاوەڕوانی بیستنی هەواڵی وا نەبوون..

بەردەوام بوو لەقسەکانیا وگوتی: بەڵام ئەم هەڵبژاردنە پێویستی بە تاقیکردنەوەیەکی مەیدانی هەیە، و لەساڵی داهاتوودا هەر لەم هۆڵە و لەم رۆژە ولەم کاتەدا ئەنجامەکەیتان لێ وەردەگرم.

**تاقیکردنەوەکە:**

تاقیکردنەوەکە بەم جۆرە دەبێت: هەر یەکێك لە ئێوە ناوکێك لەناوکەکانی ئەو رووەکە وەر دەگرێت کەبەتایبەت لە باخچەکەی خۆمەوە بۆم هاتووە.

ئێوە لەسەرتانە بیچێنن ولەماوەی ئەم ساڵەدا بایەخی تەواوی پێ بدەن، ئەوەی شەتڵێکی تەندروستی وام بۆ بێنێ کە لەوانی تر باشتر بێت، ئەوکەسە شیاوی ئەو پلەو پایە گرنگە دەبێت..

**جێم و ناوکەکەی:**

لەناو ئامادەبواندا لاوێکی تیابوو بەناوی (جێم) ئەویش وەك ئەوان ناوکە تۆوەکەی وەرگرت، و گەڕایەووە بۆ ماڵ خۆی، وچیرۆکەکەی بۆخێزانی

گێڕایەوە، خێزانیشی جێیەکی باشی بۆ ئامادەکرد، و خاکێکی گونجاوی بۆ هێنا، و زبڵی پێویستی تێکرد، و تۆوەکەی چاند..

ئەم ژن و مێردە هەموو رۆژێ سەریان لەم کشتەی خۆیان دەدا و ئاویان دەداو بایەخیان پێ دەدا.. پاش سێ هەفتە هەموو هاوەڵەکان باسی کشتەکەی خۆیان دەکرد کە چۆن گەشەو نەشونمای کردووە جگە لە جێم، ئەم باسی کشتەکەی خۆی نەدەکرد، چونکە لەگەڵ ئەو هەموو بایەخ پێدان و چاودێری کردنەدا تۆوەکەیان سەوز نەبوو، چوار هەفتەو پێنچ هەفتە تێپەڕی، بەڵام هیچ هەواڵێکی دڵخۆشکەر لەلای جێمەوە نەبوو..

شەش مانگ بەسەر چاندنی ناوکەکەدا تێپەڕی هەموو باسی گەشەکردن و باڵابەرزبوونی کشتەکەی خۆی دەکرد.. جێم یش بێدەنگ بوو ..لەوبارەوە هیچ قسەی نەدەکرد..

**کاتی دیاریکراو هات:**

لەکۆتاییدا کاتی دیاریکراو هات، و جێم بەخێزانەکەی گوت: کە بەئینجانەیەکی خاڵییەوە ناچێت بۆ کۆبوونەوەکە، بەڵام ژنەکەی پێی گوت: ئێمە دەبێ لەبەرامبەر ئەوەی رووی داوە راستگۆ بین، ئێمە -هەردوو- لێمان روونە لەسەرحەقین، و هیچ خیانەتێکمان نەکردووە، هەرچەند جێمیش ئەمەی دەزانی، بەڵام لەو چرکەیە دەترسا، کە لە ژیانیا ناهەموارترین کات دەبێت، و رووبەرووی دەبێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو گۆبەندانەی چاوەڕوانی دەکرد، لەکۆتاییدا بڕیاری دا بە ئینجانە خاڵییەکەوە، بڕوات بۆ ئەو کۆبوونەوە یەکلایی کەرەوەیە..

کاتێ گەیشتە ئەوێ سەرسام بوو، لەو هەمو کشتە جوان و بەشەوق و زەوقانەی بە شکڵ و قەوارەی جیاوازەوە لەسەرمێزی هۆڵەکە دانرابوون، کە لەوپەڕی جوانی و دڵڕفێنیدا بوون.. ئەمیش بەئەسپایی خۆی خزاندە ناویانەوە، و ئینجانە خاڵییەکەی لەسەر زەوییەکە دانا و بەپێوە وەستا تا سەرۆك و هەموو ئامادەبووان دێن و دەیان بینن..

هەندێ لەهاوەڵەکان خۆیان بۆ نەگیراو بە دیمەنی ئینجانە بۆشەکە پێکەنین، و هەندێکیشیان زاڵبوون بەسەر خۆیاندا و پێکەنینەکەی خۆیانیان گرت.. و هەندێکیش بۆ هەڵوێستی هاوەڵەکەیان خەمباری خۆی دەربڕی!!

پاش چاوەڕوانییەکە سەرۆك دەرکەوت و بە بزەیەکەوە لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەر و بەناو ئەو گوڵانەدا گەڕا کە نەشونمایان کردبوو دیمە نێکی جوانیان دروست کردبوو، بزە لەسەر لێوەکانی نەدەڕەوییەوە، سەرۆك پیرۆزبایی بەهەموان گوت، لەسەر ئەو سەرکەوتنە گەورەی بەدستیان هێناوە!!

جێمیش لەشەرما لەدوای هاوەڵە دڵخۆشەکانیەوە لەهۆڵەکەدا خۆی حەشاردابوو، سەرۆکیش دەیگوت: بەهـ بەهـ لەم گوڵ و رووەکە جوانانە!!

ئەمڕۆ یەکێکتان رێزی دەگیرێ و هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ببێ بەسەرۆکی داهاتووتان، ئالەم کاتەدا سەرۆك چاوی بڕیبوە جێم و ئینجانە خاڵییەکەی، فەرمانی بە خەزنەداردا جێم بانگ بکاتە ریزی پێشەوە..

ئالەم کاتەدا جێم ترسێکی لێ نیشت، و لەدڵی خۆیدا بەخۆی دەگوت: بێگومان ئەمڕۆ سەرۆك لەکارخانەکە بەتەواوی دەرم دەکات، چونکە منیش وەك ئەو خەڵکە سەرکەوتوو نەبووم!!

کاتێ جێم گەیشتە پێشەوە، سەرۆك پرسیاری لێکرد، و گوتی: بەسەرهاتی ئەو ناوکە چی بوو کە من پێم دایت؟

ئەویش بە خەستی و راشکاوانە باسەکەی بۆ گێڕایەوە، لەو چرکەیەدا هەموو کارمەندان چاوەڕوان بوون دەبێ هەڵوێستی بەڕێوەبەری گشتی بەرامبەر جێم چۆن بێت؟!

سەرۆك داوای لەهەموان کرد هەمووتان بێجگە لە جێم دابنیشن.. ئینجا رووی گوتاری تێکردن و گوتی:

هەموو خۆشحاڵی خۆتان بەرامبەر سەرۆکی داهاتووتان جێم دەر ببڕن و پیرۆزبایی پێ بڵێن..

لەهۆڵەکەدا چپەچپ دەستی پێکرد و هەندێ نارەزایی خۆیان دەردەبڕی و چۆن شتی وا دەبێت؟!

سەرۆك هێمای بۆکردن کە ئارام بن، و گوێ بگرن، چونکە هێشتا قسەکانی تەواو نەبووە.. کە ئارام بوونەوە، رووی تێکردن و گوتی:

هەروەك دەزانن ساڵی رابوردوو لەم رۆژەدا کۆمەڵێك ناوکی {تۆو}م بۆ هاتبوو بەتایبەت، و هەریەکی دەنکێکم لە و تۆیانە پێدان بۆ ئەوەی بیچێنن، و پاش ساڵێکی تەواو بەسەر ئەو بەروارەدا بۆم بێننەوە.. ئەوا ئێوەش بە سوپاسەوە هێناوتانەتەوە..

بەڵام من پێم گوتن: ئەو کشت کردنە بۆ تاقی کردنەوەی مەیدانییەو لە مەیدانی کردەوەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەردەکەوێت..

هەموو گوتیان: بەڵێ.. وایە..

سەرۆك گوتی: ئەو ناوکانەی دابووم بە ئێوە هەموویان خراپ بوون و سەوز نە دەبوون، و بەهیچ شێوەیەك قابیلی ئەوە نەبوون کە سەوز ببن.. ئێوەش هەمووتان گوڵی جوان و شەتڵی سەوزتان بۆمن هێناوە، و تۆوەکەتان بەتۆوێکی تر گۆڕیوە.. ئایا وانییە؟ هەمووبێدەنگ بوون..

ئینجا گوتی: جێم تەنیا کەسێك بوو لەنێوتاندا کە راستگۆیانە ئەوکارەی ئەنجانم دا، وا بە ئەنجامی خۆیشی گەیشت.. لەبەر ئەوە هەڵم بژارد بۆ ئەوەی ئەو ئەمانەتە گەورەی بدەمە دەست، و بیکەم بەسەرۆکی جێبەجێکردنی کارخانەکەم..

# # #

با بزانین ئەمڕۆ چی دەچێنین بۆ ئەوەی سبەینێ بەرهەمەکەی بخۆین، لە ژیانماندا چەند پێشکەشکردنمان هەبێت، ئەوەند بەروبوومان دەبێت.

چەند بەدەستپاکی و دڵسۆزییەوە ئەنجامی بدەین – جگە لەوەی لەلای خوا و ژیانی پاشەرۆژدا - ئەوەند لای خەڵکیش لەم ژیانەدا سەربەرز و رووسوور دەبین. لەخودا داواکارم دەست پاک دەم پاک و دڵپاکمان بکات.

# # #

٦

# ئەحمەدی کوڕی مسکین

# و

# حەزی نهێنی

**رووداوێکی مێژوویی و چیرۆکێکی پەروەردەییە**

**نووسینی:**

**مصطفى صادق الرافعي.**

**وەرگێڕانی:**

**د. حەسەن پێنجوێنی.**

ئەم بەيانييە چيرۆكەكەی ئەحمەدی كوڕی مسكينم تەواو كرد، كۆمەڵێ دەرسی تەربەوی جوانی تێدايە، كاتی خۆی مصطفی صادق الرافعی بە شێوازی خۆی لە وحی القلم دا نووسيويەتييەوەو بڵاوی كردۆتەوە، ئەمەش دەقەكەيەتی: ئەم ئێوارەيە ئەم بابەتەم لەسەر فەيس بووک بڵاو كردەوە:

**حەزی نهێنی**

**يەكێ لە ناوە گەش و درەوشاوەكانی مێژووی دێرێنی زانايان و پياوچاكان ئەحمەدی كوڕی مسكينە.. ئەم زانا پايە بەرزە لە سەدەی سێ يەمی كۆچيدا وەفاتی كردووە و بەشی زۆری ژيانی لەسەدەی دووەمدا بووەو لەشاری بەسرەدا ژياوە. سەرەتای يەكێ لەچيرۆكە گرنگە كانی ژيانی خۆی بەم جۆرە دەست پێ دەكات و دەڵێ:**

**" لەساڵی ٢١٩كۆچيدا بەهەژاری تاقيكرامەوە، هيچمان نەبوو، ئێمەش تەنيا سێ كەس بووين: خۆم و خێزانم و كيژۆڵەكەم، برسيەتی لوولی كردبووين، هەناومانی كاول كردبوو، نێتم هێنا خانووەكەم بفرۆشم، و لەم برسيەتی و نەبوونييە خۆم قوتار بكەم! بەونيازەوە لەماڵ چوومە دەر، مامۆستا(ئەبو نەصر)م بينی.. لێی پرسيم: منيش گوتم: برسيەتی زۆری بۆ هێناوين، و دەمەوێ خانووەكەم بفرۆشم! ئەويش دوو نانی تەنكی بۆهێنام، كەيەكێكيان حەڵوای لەناودا بوو، گوتی: خوا كەريمە، بڕۆ جارێ ئەمە ببە بۆ منداڵەكانت بابيخۆن، ئينشائەڵلا خوا يەكت ناخات ..**

**منيش سوپاسم كرد و گەڕامەوە بچم بۆماڵ، لەرێگەدا ئافرەتێک و منداڵە بچكۆلەكەيم بينی، ژنە لەدوو نانەكە وورد بووەوەو گوتی: گەورەم! ئەم منداڵە هەتيوەو زۆريش برسييەتی، منداڵيش لەبەرامبەر برسيەتييەوە خۆی بۆ ناگيرێت، شتێک لەونانەی پێ بدە خوا بەزەيی پياتا بێتەوە!! منداڵەكەش سەيرێكی كردم كەهەرگيز ئەوروانينەم**

**لەبییرم ناچێتەوە، وام دەزانی بەهەشت هاتۆتە سەرزەوی وخۆی پیشانی ئەوانە دەدات کە ئەم منداڵەو دایکەکەی تێر دەکەن!! ئەوەی لەدەستمدا بوو دام بە ئافرەتەکە، و پێم گوت: خوشکم ! فەرموو، منداڵەکەتی پێ تێر بکە!!**

بەڵام ئەوەش بزانە قەسەم بەخوا نەزەرد و نەسپی (واتە: زێڕ و زیو) شک نابەم و نیمە، لەماڵەوەیش کەسانێک چاوەڕوانیم دەکەن کە زۆرزیاتر لەو منداڵە پێویستیان بەو خواردنە هەیە!! ئالەویادا ئافرەتەکە فرمێسک لەچاوەکانیەوە بازرەقەی بەست و کەوتە سەر گۆنای، و منداڵیش لە خۆشیدا رووی گەش بووەوە،و منیش بەخەم و پەژاەوە رۆیشتم..!!!

لەپەنای دیوارێکدا دانیشم بییرم لە فرۆشتنی خانووەکە دەکردەوە، جارێکی تریش مامۆستا (ئەبو نەصر)م بینییەوە، ئەمجارەیان لە خۆشیدا خەریک بوو باڵی دەگرتەوە، هەر لەدوورەوە بانگی کردم وگوتی: ئەبو محمد! ئەوە بۆچ والێرەدا کزۆڵە دانیشتوویت، و خێر وبەرەکەت رووی کردۆتە ماڵتان؟!!

منیش گوتم: سوبحانەڵڵا!! مامۆستا ئەو خێرە لەکوێوە هاتووە؟

گوتی پیاوێکی خۆراسانی هاتبوو، هەواڵی باوکت و وەچەی باوکتی دەپرسی، چەند بارێ خێر وماڵیشی پێ بوو..

گوتم: ئەگەر شتێ لەبارەیەوە دەزانی پێم بڵێ..

گوتی: کاتی خۆی ئەم پیاوە لە بەسرەدا بازرگان بووە و سیی ساڵ لەمەوبەر باوکت پارەی داوەتێ وکاسبی پێوە کردوە، پاشان تێکشکاوە، و بەسرەی بەجێ هێشتووە بەرەو خۆراسان سەری خۆی هەڵگرتووە!! لەوێ وەزعی باش بووە، و کاری کردووەو بوەتەوە بە بازرگانێکی باش، پاش ئەو لێ قەومانەی خوا دەرووی لێکردۆتەوە.. ئێستا بە سامان و دەوڵەمەندییەوە گەڕاوەتەوە بۆ بەسرە، تا حەقی ئەوانە بداتەوە کە حەقیان

لایەتی و ئەوانیش گەردنی ئازاد بکەن.. ئەومالەی سیی ساڵ لەمەوبەری بۆ هێناویتەوە لەتەک قازانجی ئەو چەند وەختەدا!!

ئەحمەدی کوڕی مسکین دەڵێ: منیش کەئەو ماڵ و سامانەم وەرگرت سوپاس و ستایشی پەروەردگارم کرد، وپێش هەموو شتێ بەشوێن ئەو ئافرەتە هەژارەو منداڵەکەیدا گەڕام، بەشی خۆیانم پێدان و جیرەیەکم بۆ بڕینەوە، و بەو سامانەوە دەستم بە بازرگانی کرد، و تاتوانیم چاکە و پیاوەتیم بەسەرەوەکرد، و لە خێر و خێرات کەمتەرخەمیم نەدەکرد.. ماڵیش هەر زیادی دەکرد و کەم نەدەبوەوە، منیش لە دڵی خۆمدا دڵخۆش بووم کە تۆماری فریشتەکانم بە خێر وچاکەکانم پڕکردۆتەوە!!هیوادار بووم لای خودا لەریزی چاکاندا نووسرابم..

شەوێکیان خەوتم و خەوم بینی، وام زانی ڕۆژی قیامەتە و ئەوخەڵکە حیساب و کیتابیان لەگەڵ دەکرێ، و دەبرێنە بەر ترازووی کردەوەکانیان، منیش برامە بەردەم ترازووی کردەوەکانمەوە.. ئاپۆڕەی ئەوخەڵکە لەمەیدانی مەحشەردا دەتگوت شەپۆلی دەریایە، ئەوخەڵکە لەوێ هەریەکەی بە قەد کێوێک دەبوو!! ئەوەی تاوانبار بوو وەک شتێکی بەرجەستە تاوانەکەی بەکۆڵیا دابوو، تاوانباران و مونافیقان دەتگوت شارێکیان داوە بەکۆڵیاندا..

منیش برامە بەر ترازووی کێشانی کردەوەکانەوە، گوناه و خراپەکانم خرایە تایەکەوە، و چاکەکانیشم خرایە ئەو تاکەکەی تریەوە، دیتم تای خراپەکانم قورسترە لە تای چاکەکانم.. ئەوچاکانەی کردبووم یەک بەیەک دەیان هێناو دەیان خستە سەری، لە ژێر هەموو چاکەیەکەوە ئارەزوویەکی شاراوە لە ئارەزووەکانی دەروون هەبوو، وەک ریا و لەخۆ بایی بوون، و حەزی ئەوە خەڵک بە چاک ناوت ببەن، هەرچیم کردبوو لەو عەیبانە خاڵی نەبوو، خەریک بوو ڕەنجەڕۆ ببم!!

گویم لەدەنگێ بوو دەیگوت: ئایا هیچی نەماوە؟!

گوتیان: بەڵێ، ئەمەیشی ماوە!!

سەیرم کرد تابزانم ئەوەی ماوە چییە؟ کە دیم دونانە تەنک و ناسکەکەم بینی، ئەوەی دابووم بە ئافرەتەکەو منداڵەکەی، خەریک بوو لەتیاچوونم دڵنیا ببم!! چونکە من خێرم کردبوو، سەد دینار بەیەکجار، ئەوە هیچ سوودی پێ نەگەیاندم، ئێستا ئەو دوو نانە چ سوودێکیان هەیە؟!!

وەڵڵاهی لەگەڵ دوونانەکەیان خستە ناو ترازووی کردەوە چاکەکانمەوە، تای چاکەکانمی هەندێ قورس کرد، وتای خراپەکانمی بەرزکردەوەو سووک بوو!!

ئینجا فرمێسکەکانی ئەوئافرەتە هەژارەیان خستە ناو ترازووەکەمەوە، کەلەئەنجامی ئەو چاکەیەی منەوە گریابوو، کەمن فەزڵم داون بەسەر منداڵەکانی خۆمدا، بەتەواوی تای شیەنەکە نیشت و تای خراپەکان بەتەواوی بەرز بووەوە، و گوێم لەدەنگێ بوو دەیگوت: بێگومان رزگاری بوو، بێگومان رزگاری بوو، بێگومان رزگاری بوو..

پێغەمەریش صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ: خۆتان لە ئاگر بپارێزن با بەلەتە خورمایەکیش بێت..

٢٠١٦/١١/٤

# # #

٧

# لەبناری
# چیای قەندیل دا

نووسینی
**حسن پێنجوێنی**

چاپی یەکەم
1423 - 2002

## پێشەکی:

لەوکاتەدا کەبەهۆی لاق شکانەکەمەوە لەماڵەوە کەوتبووم، خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ سەردانم، یەکێک لەوانە برادەری بەڕێزم مامۆستا ئەحمەدی دووگۆمانی بوو، منیش عادەتم وابوو دڵخۆشی میوانەکانم دەدایەوەو هەندێ بەسەرهاتم بۆ دەگێڕانەوە، رووداوی کۆڕە شامییەکەم بۆ ئەو و هاوەڵەکانی گێڕایەوە..

کاتێ باسەکەم تەواو کرد مامۆستا ئەحمەد گوتی: مامۆستا گیان! ئەم رووداوەی تۆ باست کرد لەوانەیە سەد ساڵێک لەمەو بەر رووی دابێ، بەڵام لەم رۆژانەدا لای ئێمە شتێک روویداوە، زۆر لەمە هونەر ترە!!

رووداوەکەی بۆ گێڕامەوە و منیش لای خۆم تۆمارم کرد و ناونیشانی پاڵەوانەکەم لێ وەرگرت، وبڕیارم دا ئەگەر کەمێ وەزعم باش بوو، و توانای هاتو چۆم بۆبوو، خۆم بڕۆم بۆلای و لەدەمی خۆی ببیستم.

پاش دووساڵ بەسەر ئەم باسەدا کەوەزعم کەمێ باشتر ببوو، رۆیشتم بۆسەرچاوەی رووداوەکە، و خاوەنەکەی بەدەمی خۆی بۆی گێڕامەوە، لەچاپی یەکەمدا کردبوومان بە:بەشی دووەمی ئیمان وخۆشەویستی ماڵ. بەناوی:( لەبناری چیای قەندیلدا).

بەڵام لەم چاپی دووەمدا کردومانە بە حەوت چیرۆک و ئەمیشمان کردووە بەدواین چیرۆکیان بۆ ئەوەی کۆتاییەکەی میسک بێت. هیوا دارم کاتێکی خۆشیان لەگەڵا بەسەر بەرن، و خودای باڵا دەستیش بیانکاتە نموونەیەکی خێر بۆ کەسانی تر، وبیکاتە توێشوویەکیش بۆ پاشە رۆژمان، ئەویش چاکترین کۆمەک و باشترین پشتیوانە.

لەنیوەی دووەمی ساڵی هەشتاو پێنجدا بوو لەتەک مامۆستا یەکی برادەرما رۆیشتین بۆ کۆمەڵگای (بەستەسێن)[2] لەناوچەی پشدەر. کۆمەڵگاکە بچووک نەبوو، لەدەورو بەری دوو هەزار ماڵێکدا دەبوو، پرسیار بە پرسیار تا کاک حەسەن جاسممان دۆزییەوە..

حەسەن جاسم پیاوێکی کورتەباڵای، باریکەلەی، رەشتاڵەی، رووخۆشی، قسە خۆشی، نەخوێندەوار، بەڵام وریا و بلیمەت بوو!!

کاتێ رۆیشتینە دوکانەکەی پاش چۆن وچاکی هاوەڵەکەم منی پێ ناساند و گوتی: لەبارەی بەرێزتانەوە مامۆستا رووداوێکی بیستووە، ئێستاش پێی خۆشە لەدەم خۆتانەوە بیبیستێ، جائەگەر ئەگونجێ بۆی بگێڕەرەوە تا ئەویش بینووسێ و بڵاوی بکاتەوە، بەڵکو ببیتە سەر مەشق بۆ کەسانی تریش..

گوتی: دەک بەسەر چاو، بەڵام ئێرە بازارە وشیاوی گێرانەوەی ئەو باسە نییە، فەرموون بابڕۆینەوە بۆماڵ، لەوێ هێدی هێدی هەر لە نووکەوە بۆتان دەگێڕمەوە..

گوتمان: با نەبینە ئەرک بۆت، با لەکاسبیت نەکەین و دوکانەکە دانەخەیت، نارۆینەوە بۆماڵ!!

گوتی: تکا دەکەم!! شتی وا مەڵێن.. هەردەبێ برۆینەوە بۆماڵ، خوا هەڵناگرێ خوڵکێکی گەرم و تووڕکی کردین، ئێمەش پێمان خۆش بوو، چونکە بەهۆی جەنجاڵی وسەرقاڵی بازاڕەوە باش لێی حاڵی نەدەبووین!!

## سەفەری چوارقورنە:

بەڵێ، لەتەکیا رۆیشتینەوە بۆماڵ، بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی کردین، ئاو و دۆیەکی ساردی بۆ هێناین، چایش ئامادەبوو، سەرو دوو چامان خواردەوە، کاک حەسەن قوتوە جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند، یەک دوو کۆکەی بۆکرد و گوتی:

---

2- شارە دێیەکی گەورەیە لەنێوان سەنگەسەر و قەڵادزەدا. بەعس درۆستی کردبوو، دێیەکی زۆری ئەوناوچەیەی تێ گۆێزایەوە، و پاشان خۆیشی وێرانی کرد.

هاوینی ساڵی هەشتاو دوو بوو لە چوارقورنە [3] هەندێ شتم کڕیبوو لەعەرەبانەی تراکتۆرێکم هاوێشتیبوو، هەرچەند شتەکان عیراقی بوون بەڵام لای دەوڵەتی عیراقی قاچاخ بوون!! ئێمەش بەناچاری لاڕێمان گرتەبەر بۆ ئەوەی خۆمان لەچاوی پۆلیس و عەسکەر بپارێزین، بە رێگەی خاکی (کانی قووڵکەدا) [4] هاتین، جەڵەبێ جوانەگا(نوێنک)مان پێگەیشت، مەکینە دروێنەکەرەکان لەوناوەدا دروێنەیان دەکرد، قەڵاس و پووشێکی زۆری دروێنەکە لەو ناوەدا کەوتبوو، تراکتۆر لێخوڕەکە گوتی: ئەوە بۆ هەندێ لەم پووش و قەڵاسە نەدەین بەسەر شتەکاندا؟ با دایان پۆشین!

گوتم: بیرۆکێکی پەسەندە!! با وابکەین. بەڵێ، دەستمان بە کۆ کردنەوەی لاسکە گەنمەکان کرد.ئەو بەلایەکا دەڕۆیشت و منیش بەلایەکی تردا. پێم لەشتێ هەڵکەوت، گوێم نەدایێ، پاشان گوتم: "بەڵکو جەوەندە ئاوێک، یاخەیار و میوەیەک بێ زارمانی پێ بئەنگوین (دەممانی پێ تەڕبکەین)!"، بەڵێ گەڕامەوە سەری، دیتم کیسەیەکی نایلۆنییەو کیسەیەکی تری لەناودایەو لەناو ئەوی ترا دەستەسڕێکی زەرەدی چوار چمک گرێدراوی تێدایە!! کە گرێکەم کردەوە دیتم چەند بەستەیەک بیست و پێنجی و دە دیناری تێدایە!!

ئەوی راستی بێ زۆر شاد و دڵخۆش بووم و گوتم: دەک خوایە! لێت بەزیاد بێت، بەڕاستی خێرو بەرەکەتێکی زۆرت بۆ ناردووم!! لەبەر ئەوەی هیچم پێنەبو تێی بکەم شەرواڵەکەم داکەند و دەرپێ کورتەکەم لە پێدا مایەوە..کیسە پارەکەم لەشەرواڵەکەوە پێچا و خستمە ناو باوەشێ لاسک و پووشەوە و هاوێشتمە ناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەوە، هەندێ پووشی ترم بەسەریا دا.. تا ئەو کاتەش تراکتۆر لێخوڕەکەی هاوەڵم ئاگای لە هیچ نەبوو، بۆیە بە شۆخییەوە گوتی: "بابم!خۆ لاقیشت هێند جوان نین وا رووتت کردوون"!!

منیش هەر بەشۆخییەوە گوتم: بابم! خوا هەر هێندەی داوە، چیبکەم سەد شوکور بەبەشی خودای..

---

3- چوارقورنە ناحییەیەکە سەر بەقەزای رانیە، و ئێستا زۆر گەشەی کردووە.
4- کانی قووڵکە ناوچەیەکی کشت وکاڵیەو 2کم لە خوار شاری رانیەوە.

بەڵێ کەوتینە ڕێ و بە لاڕێدا هاتین تا گەیشتینە دەربەندەکەی سەنگەسەر[5]، لە بازگەکە نەیان وەستاندین، و گوتیان: یەڵلا بڕۆن و مەوەستن، ڕێگەکە مەگرن!! وایان دەزانی تەنیا پووش و پەلاشمان بارکردووە.. تاگەیشتینە ماڵەوە کەس لێی نەپرسین!!

لەخوار بەستەسێنەوە پوش وپەلاشمان لابرد، هاتینەوە بەردەرگای ماڵی خۆمان، من خێرا شەرواڵەکەم هێناو هاتمە ئەم ژوورەی کە ئێستا لێی دانیشتووین، کیسەکەم داناو خێرا شەرواڵەکەم لەپێکردەوە، و دەرگاکەم بەقوفڵ داخست، و ڕۆیشتم شتەکانم لە دوکان داگرت.. ئەڵبەت ئەوکاتە دووکانەکەم لەحەوشەی خۆماندا بوو. سەرم قاڵ بوو، ئەم دەهات و ئەیگوت: کەلله شەکرێکم دەێی، و ئەودەهات ئەیگوت:کیلۆیەک چاییم دەێی، و ئەوتر دەیگوت: شوتییەکم بۆ بکێشە!! ئەوی ڕاستی بێ من هەر دڵم لەلای کیسە پووڵ و پارەکە بوو!!

**پارە ژماردن:**

هەلێکم بۆ هەڵکەوت دوکان چۆڵ بوو و ڕۆیشتمەوە ماڵێ و دەرکەم کردەوە، و بەخێزانم گوت: ئەودەرکەیەم لەسەردابخە، و هەرکەس هات و هەواڵی منی پرسی بڵێ: حەسەن لەماڵ نییە..

ئەو دەرکەی لەسەر داخستم ومنیش دەستم بە ژماردنی دینارەکان کرد، دیتم نۆهەزارو پێنچ یەد وبیست وپێنچ دینار و روبعێکە!! تەنیا پێنچ (پێنچ) دیناری تیابوو، هەشت هەزاریان هەر بیست و پێنچ دیناری، و هەزار و پێنچ یەدیشیان دەیی بوو، لەگەڵ روبعێکی مۆرکراودا..وەک خۆیان بەستە بەستەم کردنەوە وخستنمەوە ناودەستماڵ وکیسەکانی خۆی.

ئینجا دەستی کێشا بۆ ژوورێکی بەرامبەرمان و گوتی: ئا لەو ژوورەدا چاڵێکم بۆ هەڵکەند و پێچام لەنایلۆنێکی ترەوە وخستمە ناو چاڵەکەوە و چوار دەوریم بە (کا) داپۆشی، پاشان گڵم کردەوە بەسەریا و باش کوتامەوە، و ڕۆیشتمەوە بۆ دوکان..

---

5- ئەم دەربەندە لەنێوان رانیەو سەنگەسەردایە، بەڵام لەسەنگەسەرەوە نزیکترە، لەوەپیش زۆر تەنگ و سامناک بوو، بەڵام لەهەشتاکاندا پان و پۆڕیان کرد.

تا ئەم حاڵەتە جگە لەخوا کەس نەیزانیوە کەمن ئەو پارەیەم دۆزیوەتەوە، خێزانیشم هەستی پێ نەکردبوو!!

**کێشەی دەروونی:**

ڕۆژگار هات و چوو، نزیکەی دوو هەفتەیەک بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕی، بەڵام من لەم ماوەیەدا لەکێشەیەکی زۆر گەورەی دەروونیدا بووم، ملانێییەکی زۆر بەهێز لەنێوان شەیتان و ئیمانەکمدا درۆست ببوو، هیچیان نەی دەتوانی ئەویتریان ببەزێنێ، تا ئەم ڕۆی ڕابوردوو!!

شەیتانەکەم دەیگوت: نەیەت بەخەیاڵتا ئەم هەموو پارەیە لەکیسی خۆت بدەیت وبەشوێن خاوەنەکەیا بگەڕێیت وبیدەیتەوە!! ئەمە پارووێەکی چەور و نەرمەو خوا بەتایبەت بۆتۆی ناردووە !! بەعسییەکان لەوکوێستانە خۆشە، و لەناو ئەو باخ و بێستانە دڵگیر و ڕازاوانەوە، لەناو ئەو هەموو درەختە بەردارانەوە، و لەپەنای ئەو هەموو کانیاوە ساردو شیرینانەوە، لەو بەهەشتەوە دایان گرتوویت، و هێناویتیانە ئەم شوێنە وشک و گەرمیانەوە، و زیاد لەوە بەتەلی دڕکاویش چواردەوریان تەنیوون، و زیندانییان کردوون!! کەوابوو ئەمە بەخششێکی خواییە و بەتایبەتی بۆی ناردوویت، تا بۆ ماڵ و منداڵەکانتی خەرج بکەی، و ئەوانیش کەمێ خۆش ڕاببوێرن!!

برادەرەکەم گوتی: سەیر لەوەدایە شەیتان ئەگەر بزانێ کەسێک دینی هەیە بەناوی دینەوە دێت بۆ لای تاباش هەڵبخڵەتێنی، ئەی ئیمانەکەت چیدەگوت؟

گوتی: ئیمانەکەیشم دەیگوت: هەرگیز بیر لەخواردنی ئەو ماڵە نەکەیتەوە، چونکە ئەمە ماڵی تۆ نیە و بەتۆ حەرامە، بە عارەقی نێوچاوان و زۆری بازوو پەیدات نەکردووە!! خوا دەیزانێ ئەمە هی چ داماوێکە لێی کەوتووە، و ئێستا کۆسی بۆی کەوتووە، و ماڵی کاول بووەو قوڕ بەسەریا کراوە!! تۆ بیر لەخۆت بکەرەوە، ئەگەر خۆت لێت بکەوتایە، پێت خۆش بوو پیاوچاکێک بۆی بهێنایتایەوە؟ دە خۆت ئەو پیاو چاکە بەو بیدەوە.. ئەگەر بەعس زوڵمی لەتۆ کردووە، خۆ ئەم پارەیە هی بەعس نییە تا لەبیاتی ئەو حەقەی خۆت تۆڵەی لێبکەیتەوە و بیخۆیت!! ئەی لە ڕۆژی قیامەتا چی وەڵامی خوا دەدەیتەوە؟

بەڵێ، هێزی خێر و شەڕ ملانێیەکی بەردەوامیان بوو، ئەم کێشەیە نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، ئەم دووهەفتەیە لە خەیاڵدا ئەژیام!! بیری هەمەجۆرم دەکردەوە، هەندێجار دەمگوت: ئەم پارەیە ئەدەم بەکوتاڵ و دوکانەکەم دەگۆڕم بە پارچە فرۆشی! پاش ماوەیەک پەشیمان ئەبوومەوە و ئەمگوت: ماڵی حەرام تێکەڵ بەدەستمایەکەم دەبێت و ئەوکاتە ماڵ ومنداڵم دەبێ پارووی حەرام بخۆن!! نا، شتی واناکەم..

جارێکی تر ئەهات بەخەیاڵمدا کەبیدەم بەخانوویەک لەشاردا، دوایی ئەمگوت: واهاتوو پیاوێکی بەعس لەو ناوەدا کوژرا، ئەوکاتە گرێدەری لێ دەدەن و دەیڕووخێنن، و دوایش من دەبمە بەرپرسیار لەسەری!!

هەندێ جار دەمگوت: ترومبێلێکی پێ دەکڕم وکاری پێ دەکەم، زۆری پێ نەدەچوو پەشیمان دەبوومەوە و دەمگوت: ترومبیل ماڵی ئاگرە، واهاتوو سووتا، ئەوسا چیبکەم؟!

بەکورتی لەماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا من هەر لەخەیاڵ و داڵغەدا بووم، و خۆم بۆ یەکلایی نەدەکرایەوە تا دوێنێ!!

**شوێنەواری مزگەوت:**

دوێنێ هەینی بوو، کە رۆیشتم بۆمزگەوت خەتیب باسی رۆژی قیامەتی دەکرد، باسی زیندوو بوونەوە و وەستان لەگۆڕەپانی مەحشەردا و چۆن چاوە ڕوانی لێپرسینەوەن، چۆن ترازووی هەستیاری کێشانەی کردەوەی خێرو شەڕ دادەنرێ! باسی ئەوی کرد کە ئادەمیزاد لەو رۆژەدا پێ نانێتە بەرپێ تا لەبارەی چەند شتێکەوە پرسیاری لێ نەکرێ، یەکێ لەوشتانە ماڵ وسامانەکەیەتی، ئەو ماڵەی هەیبووە چۆنی پەیدا کردووە ولەچیدا خەرجی کردووە؟[6]. ئینجا باسی ناخۆشی جەهەننەم و خۆشی بەهەشتی دەکرد.. منیش لەدڵێ خۆما دەمگوت: تۆ لەبارەی ماڵی حەڵاڵەوە ئاوا پرسیارت لێ بکرێ، دەبێ بۆ ماڵی حەرام چیت لێ بکرێ؟

---

**6-** عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الأَسْلَمِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: لا تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أَفْنَاهُ ؟ وَعَنْ عِلْمِهِ فِيمَ فَعَلَ ؟ وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أَيْنَ اكْتَسَبَهُ، وَفِيمَ أَنْفَقَهُ ؟ وَعَنْ جِسْمِهِ فِيمَ أَبْلاهُ ؟" أخرجه الترمذي وقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ. برقم:2341 .

**بیرەوەری منداڵی:**

ئەو ئامۆژگارییانەی مامۆستا زۆر لە دەروونما کاری گەر بوون، توانیم خۆم یەکلا بکەمەوە و بڕیار بدەم: بە نەخواردنی.. شەو هاوین بوو، لەحەوشەدا ئەنوستین، فێنککەر(کۆلەر)مان کردبوەوە، منداڵ هەموو خەویان لێکەوتبوو، منیش بیرم لەهەژاری و نەداری سەردەمی منداڵی خۆم دەکردەوە، لەوکاتەدا هەتیو بووین، تەمەنم لەدەورو بەری دەساڵیدا دەبوو، یەک بەیەکی دیمەنەکان وەک شریتی ڤیدیۆ دەهاتنە پێشچاوم، ڕۆژێک زۆرم برسی بوو، داوای نانی وشکم کرد، دایکم گوتی: کوڕم! سەر لەبەرچینە نانەکە بدەن بەڵکو هەندێ وردە نانی تیابێ خۆتانی پێ تێر بکەن!!

سەرم لە قوڵینەی نانەکە دا، باوەڕت هەبێ وردە نانیشی تیا نەبوو بیخۆین!! هانامان بردەوە بۆ دایکمان و دەستمان بەسکاڵا کرد، ئەویش هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و ملێکی لارکردەوەو بە چاوێکی پڕ لەسۆز و بەزەییەوە بۆی ڕوانین وگوتی: کوڕم! لەگەڵ براکەتا بڕۆن بۆ ئەو هەردە، هەندێ مازوو بچنن، تا ئێوە دێنەوە بەڵکو نانەکەتان بۆ ئامادە بکەم.. وانەزانی چێشت و شلەمان بۆ ئامادە دەکات!! نە، تەنیا نانی ڕووت، کولێرە یاخەپلە!!

ئێستا دەزانم بۆچ بۆ دارستانەکەی ناردین! پێم وایە هەر بۆ ئەوە بوو لە خۆیمان دوور بخاتەوە تاڵەوە زیاتر سەرو دڵی نەگرین!

بەڵێ، لەگەڵ برا بچکۆلەکەمدا ڕۆیشتین بۆ دارستان، هەروەک دەزانن ڕێی ئەو چیاو دارستانەش جادەی قیرتاو نیە، هەرد و هەڵەت و بزنە ڕێ ولا پێیە، منیش جوتێ(جاش کەوش)م لەپێدایە ، ئەوەند لەبەردو دار هەڵکەوتبووم لووتەکەی دڕابوو! کەڵە مووسی پێم بریندار ببوو، ئەو ڕۆژەش ئەوەند کولایەوە خوێنی لێ دەتکا!!

ڕانکێکم لەبەردا بوو، لە موو دروست کراو، ئەوەند زبر بوو هەموو لا ڕانمی سوور کردبوەوە، گژو گیای ئەو هەردەش دابووی بەیەکا و هەڵچووبوو، دڕکەزی، و قنگر و کەرتەشی وەک زەردە زیڕە دەیگەستین هەرلە پاژنەی پێمانەوە تا لای ژوورووی ڕانمان خوێنی تێ زابوو!!

دوای شەکەتی و ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینە ناو دار مازووە کان، دەستمان بە مازوو چنین کرد، لەم دار بۆ ئەو دار زۆرگەڕاین، نزیکەی دوو کیلۆیەکمان مازوو کردەو، برسیەتی زۆری بۆ هێنا بووین، بەناچاری دەستمان کردە کرۆسک (هەرمێ کێویلە)و بەڕوو خواردن، تا تێر بووین، و لەسەرخۆ هاتینەوە بۆماڵ، بڕواتان هەبێ نانە وشکەکەیش ئامادە نەبوو بیخۆین!! ئاوەها شریتی ئەم دیمەنە تاڵ و دڵتەزێنانەی هەژاری و نەداریی زووی خۆمانم دەهاتەوە پێش چاو، و ئێستاش سوپاس بۆخوا پارووە نانێکمان هەیە، بەتەواوی بڕیارم دا کە پارەکە بدەمەوە بەخاوەنی و نەی خۆم..

لەوکاتەدا جگەرەیەکم داگیرساندبوو، بیرم دەکردەوە چۆن ئەم پارەیە بدەمەوە بەخاوەنەکەی، کە خاوەنەکەی ناناسم؟ شەو لە نیوە شەو تێپەڕیبوو، خێزانم خەبەری بووەوە و لە جێگەکەی خۆیەوە سەری بەرز کردەوە و گوتی:"ئەرێ پیاوەکە! ئەوە بۆچ ناخەوی؟ دەڵێی کێشک چیت!! پەیتا پەیتا قم لە جغەرەکەت دەدەیت و دەیکەیت بەسەرو چاوماندا!! خۆ هەنگ قانگ نادەیت! تۆ کە بەزەییت بەخۆتا نایەتەوە بەلای کەمەوە بەزەییت بەو منداڵانەدا بێتەوە!!

گوتم: ئافرەت! خێری بابت کەمێ ئاوم بۆ بێنە.

ئەویش ئاوەکەی بۆ هێنام و گوتی: بەڕاستی دڵم زۆر نارەحەتە!

گوتم: بۆچ؟

گوتی: چۆن بۆچ؟ تۆ ئاگات لەخۆت نییە چیت لێ قەوماوە! دەترسم شتێکت بەسەر هاتبێ و لەئێمەی بشارییەوە!!

گوتم: هۆی چییە وابیر دەکەیتەوە؟

گوتی: ماوەیەکە زۆر گۆڕاوی، وەک ئەوە داڵغەو خەفەتێکی زۆرت هەبێ، شەوانە زۆر دێر دەخەوی، پەیتا پەیتا ئەم دووکەڵە تاڵە هەڵدەمژیت، ئەمانە هەموو نیشانەی ئەوەن شتێکت لێ قەوماوە!! بەڵام بۆچ بەمن ناڵێیت و لێم دەشاریتەوە؟ تێناگەم. ئاخر پیاوەکە! مەگەر من هاوسەرت نیم؟ هاوبەشی خەم وخۆشیت نیم؟ دەبێ بۆچ پێم نەڵێیت چیت لێ قەوماوە؟!

گوتم: ئەوی راستی بێ ئافرەت! تۆ هاوسەرو هاوبەشی ژیانمی، شەریکی ئێش ونۆشمی، جێی بڕوا ومتمانەمی، یارمەتی زۆرت داوم، هەڵوێستی شێرە ژنانەی زۆرت هەبووە، لەبەر ئەوە هیچت لێ ناشارمەوە و بۆتی باس دەکەم..

گوتی: کامەیە؟ ئەگەر بۆت باس بکردمایە دیار دەبوو!!

گوتم: دڵ بەدڵ نەدەیت، هەر ئێستا بۆت باس دەکەم.. بەڵام پێش ئەوەی من قسە بکەم حەز دەکەم بزانم تۆ چۆن بیرت لێ کردۆتەوە؟ چۆن بۆی چوویت؟

گوتی: کوڕە پیاوەکە منێکی نەخوێندەوار چ دەزانم؟!

گوتم: نەخوێندەواری مەرج نییە، و مانای وانییە ئەوەی نەخوێندەواربێ ئیتر ژیری و بیری نەبێ، نە، نە، ئەوەتە منیش نەخوێندەوارم..

گوتی: لەراستیدا سەرم سوڕماوە، چونکە تۆ پیاوێکی شەڕانی نیت تا بڵێم شەڕت کردبێ، و گۆبەندێکت سازاندبێ!! ئێستاش جاری جاران نییە، لەم ئۆردووگایەدا زەلیلی دەستی بەعسین و هیچت لەدەست نایەت، تابڵێم: بەعسییەکان هەڕشەیان لێکردوویت، هەرچەند لەسەگی هار دەچن و ناوبەناو قولاپەی خەڵکی دەگرن! لەوانەشە ئەوان ئازاریان دابیت!! یا لەوانەیە زیانێکی گەورەت لێکەوتبێ ونەتەوێ بەئێمەی بڵێیت!!

گوتم: ئازیزم! دڵنیابە، هیچکام لەمانە روویان نەداوە، بەڵام پێش ئەوەی تۆ خەبەرت بێتەوە، یەکێ لە دیمەنە دڵتەزێنەکانی منداڵیم هاتەوە پێشچاو!!

گوتی: من پێم وایە بیر کردنەوەت لەو هەژارییەی خۆتان لەم کاتەدا بێ مەڵامەت نییە!!

گوتم : سوپاس بۆ خوا ئێستا وەزعمان باشە و بەشی خۆمانمان هەیە، و جگە لەخوا پێویستیمان بەهیچ کەس نییە، پێویستە سوپاسی خوای لەسەر بکەین کە لەو حاڵەوە ئێمەی گەیاندۆتە ئەم حاڵە!!

گوتی: هەزار سوپاس بۆ خوا، پیاوەکە! مرۆڤ تا هەژاری نەبینێ قەدری هەبوون نازانێ، ودڵی بەهەژاران ناسووتێ!! بەڵام وا ئەم شەو

بیرت لەمە کردەوە، خۆ شەوانی تریش بیرت لەمە نەکردۆتەوە، کەوابوو حەز دەکەم مەهاکی باسەکەم بۆ باس بکەیت!!

گوتم: بەراستی تێگەیشتوویت!! ئازیزەکەم! چببێ لەتۆ شاراوە بێ، ئەو رۆژەت لەبیرە کە لە چوار قوڕنە گەڕامەوە؟!

گوتی: باشم لەبیرە، ئەو رۆژە چی بوو؟

گوتم: لەو سەفەرەدا پارەیەکی زیاد لە نۆ هەزارم دۆزییەوە.

پارووی حەرامبان مەدەێی:

هەر لەگەڵ ئەو قسەیەم لەدەم هاتە دەر خێزانم گوتی: " پیاوەکە! گەلەک گەلەک مەمنوونت دەبم پارووی حەرامبان دەرخوارد نەدەیت، ئەوگۆشتەی بەپارووی حەرام دروست ببێ، دەببێتە پارووی ئاگر!!"

لەم کاتەدا کە ئەم هەڵوێستەی خێزانی باس کرد، گوتمان: کاک حەسەن! بەڕاستی ئەم هەڵوێستەی خێزانت هەڵوێستێکی مەردانەیەو جێی رێزو قەدر زانییە، و دەییاتە ریزی ئافرەتانی ناوداری مێژووەوە!! لەبەر ئەوە ئەگەر ئیجازە بدەن وخۆیشی کاری نەبێ پێمان خۆشە خۆمان ئەم قسەیە لەدەم خێزانتەوە ببیستین..

گوتی: بەسەرچاو، بانگی کردە خێزانو گوتی: ئەستێ! ئەستێ! ئەستێ هات، گوتمان: ئەستێ خانم! زەحمەت نەبێ کاتێ بابی مندالانت گوتی: ئەو پارەیەم دیوەتەوە، تۆ چیت پێگوت؟!

گوتی: پێم گوت: پیاوەکە گەلەک، گەلەک مەمنونت دەبم پارووی حەرامبان دەرخوارد نەدەیت! پیاوەکە! ئێمە کاتی خۆی هەژار ونەدار بووین، سوپاس بۆ خوا ئێستا لە هیچ شتێکمان کەم نییە، و پێویستمان بەهیچ نییە، لەبیرتە کاتێ ویستت جل وبەرگم بۆ بکەیت پارەمان نەبوو، لە سەنگەسەر بەقەرز بۆت هێنام؟!!

لەبیرتە ساڵشەست وسێ دەوڵەت دێکەی سووتاندین و ماڵی کاول کردین، بەناچاری رووبان کردە ئێران، و لەهەموو ماڵی دنیادا تەنیا شەست دینارمان بوو، ئەویشمان لێکەوت، لەو ئاوارەیی و دەر

بەدەرییەدا کەس نەیداینەوە، هەرکەس بیدابایینەوە حەوت پشتی دەچووە بەهەشتێ، ئەوەند خێری دەگەیشت!!

پیاوەکە! خوا دەیزانێ ئەمە هی چ داماوێکەو لێی کەوتووەو ماڵی وێران بووە!! ئێستاش گەلەک مەمنوونتم کە ئەیدەیتەوە بەخاوەنەکەی!! بەڵام ئایا خاوەنەکەی دەناسیت، تا بیدەیەوە؟ و چۆنی ئەدەیتەوە؟!

کە ئەم قسانەمان لەدەم بیست زۆر بەرێز بوو لەپێش چاوماندا، گوتمان: ماڵت ئاوەدان بێ، بەڕاستێ دەورێکی گرنگت بینیوە، ئافرەتی چاک وپاک وەک تۆ دەبێت، کەیارمەتی مێردەکەی بدات لەسەرچاکە، و هانی بۆ دوورکەوتنەوە لەخراپە بدات، و هاوەڵەکەی لەئاگری دۆزەخ بپارێزێ، بەراستی جێی شانازیت، خوا پاداشتت بداتەوە..

پاشان کاک حەسەن گوتی: منیش لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئەوا گوتم: هەی ئافرەت! لەمنت نەکەوێ!! دەزانی چۆنی دەدەمەوە؟ هەر بەیانی دەچمە لای مامۆستا و دەڵێم: زەحمەت نەبێ لە رۆژی جومعەدا باسی بکە کە فلانەکەس پارەیەکی زۆری دیوەتەوە، هەرکەس لێی کەوتووە با ناونیشانی بڵێت و وەری بگرێتەوە..هەر نەبوو، نەبوو، دەچمە ئێزگەی بەغدایی!!

ئیتر بە خێزانەکەیمان گوت: ئەگەر تۆ کارت هەیە فەرموو بڕۆ بەلای کارتەوە، خوا رووسووری دنیا و قیامەتت بکات..

**عەودالی دۆزینەوە:**

ئەو هەستا رۆیشت بەلای کاریەوە و هاوەڵەکەمان بەردەوام بوو لەسەر باسەکەی خۆی و گوتی: بۆ سبەینێ رۆیشتم بۆ مزگەوت و بەمامۆستام گوت: شتێکی وا رووی داوە و بەڵکو جەنابیشت لەرۆژی جومعەدا باسی بکەیت، ئەویش بەڵێنی دا و گوتی: بەسەرچاو باسی دەکەم. خوا هەڵناگرێ زۆریش خۆشحاڵ بوو!!

خۆم بۆ نەگیرا، هەر ئەو رۆژە رۆیشتم بۆ سەنگەسەر، بە بانگوێژی مزگەوتی گەورەم گوت: بەڵکو لەرۆژی جومعەدا باسی بکەیت، ئەویش گوتی: بەسەرچاو.. پاش ئەوە رۆیشتم بۆ قەڵادزە و بەخەتیبی مزگەوتی

خانەقام گوت: کە ڕۆژی جومعە باسی بکات، ئەویش بەڵێنی داو زۆر پێخۆشحاڵیش بوو!

بەڵێ، ڕۆژی جومعە هات ولەم سێ مزگەوتەوە و لەسێ شوێنی جیا جیاوە باسکرا، و خەڵکێکی زۆر پاش ئەوە هاتن، یەکێک ئەیگوت: بیست دینارم لێکەوتووە، ئەوی تر ئەیگوت: پەنجا دینار م لێ کەوتووە، یەکێ تر ئەیگوت: هەشتا دینارو جزدانی عەسکرییە کەم لەناو پیوازانا لێکەوتووە!! هیچ کام لەوانە نە بوو، ئیتر بە دڵشکاوی ونا ئومێدیەوە دەگەڕانەوە!!

**مچە عەرەب:**

ماوەیەکی تری پێ چوو گوتیان: لەکۆیە کابرایەک هەیە بەناوی {مچە( مستەفا)عەرەب} پەنجا فلسی سەردەمی پاشایەتی لەلایە، پەنجایی ئەو سەردەمەش هەمووی زیو بوو، خەڵکی ئەیان برد بۆ ئێران پارەیەکی باشی دەکرد، منیش ڕۆیشتم بۆ کۆیە، و ڕۆیشتمە لای مچە عەرەب، و گوتم: کاک مستەفا ئەڵێن: پەنجایی مەلیکیت لەلایە، پێم بفرۆشە..

گوتی: نای فرۆشم!!

گوتم: کاکەگیان! هەر درەمێکی پانزە درەمت دەدەمێ!!

گوتی: هەر درەمێک هەزار درەمیشم بدەیتێ، پێت نافرۆشم..

گوتم: بابە! بۆ پێم نافرۆشی؟

گوتی:چونکەماڵبخۆم نییە و ماڵی خەڵکیشم پێ نافرۆشرێ!! دەستی کێشا بۆ سووچێکی دوکانەکە و گوتی: ئەو کیسەیە دەبینی؟

گوتم: بەڵێ..

گوتی: ئەوە ماوەی پێنچ ساڵە دیومەتەوە، بەیانی لەتەک خۆما ئەیهێنم بۆ دوکان و ئێوارە دەیبەمەوە بۆ ماڵ، تائێستا تێکەڵ بە ماڵی خۆمم نەکردووە، و نەم ویستووە پارەی حەرام تێکەڵ بەماڵم ببێ.[7]. منیش گوتم: بەڕاستی کارێکی باشت کردووە و خوا پاداشتت بداتەوە..

---

7- بە پێی مەزەبی شافیعی ئێمە ئەگەر ئینسان شتێکی وونبووی دۆزییەوە، دەبێ لە شوێنە گشتییەکانا باسی بکات وبلاوی بکاتەوە کە شتێکی دۆزیوەتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو، بۆی هەیە بڵێت ئەواکردم بە موڵکی خۆم. جا ئەگەر خاوەنی بوو، ئەوا ئەندازەیەی ئەداتەوە، خۆ ئەگەر هەر نەبوو، بەپێی شەرع گوناهبار نابێ، و

گوتی: کاکەگیان! قیامەت هەیە.. لێ پرسینەوە هەیە.. بەهەشت وجەهەننەم هەیە.. کێ گەورەترین دەوڵەمەندە، ئەگەر بڵێن: تەنیا رۆژێک لەناو ئاگرا دەتسووتێنین! ئامادەیە هەموو پووڵ وماڵی بدات و رزگاری بێ، ئیتر بۆ دەبێ ئێمە بۆ ئەندازەیەکی کەم خۆمان بخەینە ناو ئاگرەوە؟!

ئەم باسەی ئەویش هێزێکی تری بەمن دا، و وای لێکردم باشتر بەشوێن خاوەنەکەیا بگەڕێم!! بۆیە گوتم: دەک رووی بابت سپیبێ کاک مستەفا!! ئەوی راستیبێ منیش پارەیەکی زۆرم دیوەتەوە و جاڕیشم بۆ داوە و تا ئێستا خاوەنی نەبووە. پارەکەش لە پێنج هەزار دینار پترە!! من لەکۆیە کەس ناناسم، زۆر مەمنوونت دەبم ئەگەر بە ئیمام جومعە بڵێیت لەرۆژی جومعەدا باسی بکات، یا بانگوێژەکە، یاخۆت باسی بکەن.. بەڵکو خاوەنەکەی پەیدا ببێ!!

کە ئەم قسەی لە من بیست خوا هەڵناگرێ زۆری پێ خۆش بوو، و گوتی: بەسەر چاو باسی دەکەم.. منیش ناونیشانی خۆمم پێدا، و هاتمەوە بۆ بەستەسێن، و پەنجا فلسییەکانیشم دەست نەکەوت..

# # #

**پیاوێکی کەرکووکی:**

چوار پێنچ رۆژێکی پێچوو تمەز کاک مستەفا باسی کردبوو، پیاوێک بە لارەلار بەرەو ژوور هات و منداڵێکی بچکۆلەیشی لە گەڵابوو، هاتە بەر دوکان و بایی پێنچ شەش درەمێ شتی کڕی و گوتی: زەحمەت نەبێ ئەمە دووکانی کاک حەسەن جاسمە؟

گوتم: بەڵێ..

گوتی: مچە عەرەب لەمزگەوتی جومعەی کۆیە جاری داوە و گوتویەتی: حەسەن جاسم لە بەستەسێن پارەیەکی دۆزیوەتەوە، و هەرکەس لێی کەوتووە با بڕوات ناو نیشانی بدات و بیداتەوە، جامنیش پارەیەکی زۆرم

---

وەک ماڵی خۆی بەکاری دێنێ. ئەم کارەی کاک مستەفا وەرع بووە، یابێ ئاگایی لە شەرع.

لێ کەوتووە، و ناونیشانەکەت بۆ دەڵێم، ئەگەر ئەو بوو بمدەرەوە، و ئەگەر ئەویش نەبوو من خۆش و تۆ سەلامەت!!

گوتم: فەرموو..

گوتی: پارەکەی من نۆهەزار و پێنچ سەد و بیست و پێنچ دینارە، ئیتر باسی روبعەکەی نەکرد و ناوی نەهێنا..

لەدڵی خۆما گوتم: نەوەکو فاڵچی و جادووگەر و شتی وا قسەیان بۆ کردبی، یا بەوەسیلەی خەو لێخستنی موگنا تیسی (هیپنۆتیزم)ە وە زانیبێتی، با تاقی بکەمەوە. بۆیە گوتم: جا مام حاجی گیان! من هێند پارە بدۆزمەوە چۆنی ئەدەمەوە؟!!

گوتی: نە نە وا مەڵێ.. من ئەزموونی خۆمم هەیە، ئەوەی دینارێک بداتەوە سەدیش دەداتەوە، ئەوەی سەد بداتەوە هەزاریش ئەداتەوە، ئەوەی هەزار بداتەوە دە هەزاریش دەداتەوە. ئەگەر ئەوەی تۆ دیوتەتەوە ئەوەی من نەبێ خوا حافیز!!

**کاکە گیان! گاڵتەم پێ مەکە!:**

بەڵێ رۆیشت وماوەیەک دوور کەوتەوە، ئینجا بانگم کردەوە و گوتم: مام حاجی! زەحمەت نەبێ پارەکەت چەندە؟!

گوتی: کاکە گیان! من ریشم سپیە، زۆر ناشیرینە بۆ پیاوی وەک تۆ گاڵتە بەمن بکات!!

گوتم: مام حاجی گیان! نەک هەر بەتۆ بەڵکو بەوەی رۆژێ لەمن گەورەتربێ حەدم نییە گاڵتەی پێبکەم. بەڵام پێم خۆش بوو لەقسەکان دڵنیا ببم بۆیە بانگم کردیتەوە!!

دووبارە بۆی باس کردمەوە، بەڵام هەر ناوی روبعەکەی نەهێنا، منیش گوتم: ئاخر مام حاجی گیان! پارەکەی من هێند نییە.

گوتی:" کاکەگیان! ئەگەر ئەو نییە منیش نامەوێ.. وەڵلاهی تا ئێستا پێبزانم فلسێکی حەرام تێکەڵ بەماڵم نەبووە!! ئەوا من دەڕۆم خوا حافیز.

خێرا دەستم گرت و ئەم هێشت بڕوات.. گوتی: برا! بەرم بدە، من کارم هەیە دەبێ بڕۆم!!

گوتم: دەبێ ئەم نیوەڕۆیە لای من بمێنیتەوە و نان و دۆیەک پێکەوە بخۆین! خوا پەک ناخات ئینشائڵلا هەر ئەیدۆزیتەوە..

گوتی: برا گیان! دەزانم خوا کەریمە، بەڵام من کارم هەیە، ئەگەر ئەوە، بم دەرەوە با بڕۆمەوە، ئەگەر ئەویش نییە من دەڕۆم.. ئەم هێشت بڕوات تا نیوەڕۆ..

**بەڵگەکان:**

لەوماوەیەدا لێم پرسی: مام حاجی! تۆ سەرو سیمات لەخەڵکی ئەم ناوە ناچێت، چۆن ئەم پارەیەت لەم ناوەدا وون کردووە؟

گوتی: کاکەگیان! من خەڵکی کەرکوکم، جەڵەب کڕم، ماڵات دەکڕم و دەیفرۆشمەوە، هاتبووم بۆ قەڵا دزە، و پارەم نەهێنابوو، جەڵەبێ جوانەگام لە ناسراوێک کری، لە (پێماڵک) [8] گوتی: قەیدی نییە، ئەم رۆ پێنچ شەممەیە، پێنچ شەممەکەی تر بۆم بێنەوە..

گوتم: باشە..

ئاژەڵەکانم بردو زوو فرۆشتنم، بەڵام ناسراوەکەم رایسپاردبووم کە تابۆم بکرێ پارەکەی بۆ بکەم بە بیست و پێنجی، چونکە لە ئێران قیمەتی باشترە، بۆ ئەو مەبەستە منیش رۆژێک لە کاتەکەی خۆم دوا کەوتم، کە هاتمەوە بۆ پێماڵک گوتیان: وەڵلا ئەویش هاتووە بەشوێنتا بۆ کەرکووک!

**جەڵەبێ جوانەگا:**

ئیتر خێرا گەڕامەوە تا فریای بکەوم، لە شارەدێی (تووە سووران)[9]دا کوڕەکەم گوتی: بابە! کاتێ هاتین دایکم گوتی: لەو سەرەوە سەماوەریکی

8- پێمالـک کۆمەڵگـایەکی گەورەبـوو لە رۆژهەڵاتــی قەلادزەوە، بەعـس درۆسـتی کردبوو، دێیەکی زۆری ئەوناوچەیەی تێ گۆێزایەوە، و پاشان خۆیشی وێرانکرد.
9- تـوە سـووران کۆمەڵگـایەکی گەورەبـوو لەخۆرئـاوای سەنگەسـەرەوە. بەعـس درۆسـتی کردبـوو، دێیەکـی زۆری ئەونـاوچەیەی تـێ گۆێزایەوە، و پاشـان خۆیشـی وێرانکرد.

نەوتی لەگەڵ خۆتانا بێنن، ئەوەش سەماوەرە، ئێمەش دابەزین، لەو کاتەدا کە بۆ سەماوەر دەگەڕاین، پیاوێک گوتی: مام حاجی! بە گۆچانەکەتا لەجەڵەب کڕ دچیت؟

گوتم: بەڵێ..

گوتی: جەڵەبێ جوانەگا(نوێنک)بباشم هەیە لەکانی قوڵکەی (رانیە) یە، وەرە با پێت بفرۆشم.. ئەوی راستی بێ تەماح گرتمی و لەگەڵیا رۆیشتم، کەچی شەریکەکەی تری بەقەسابەکانی رانیەی فرۆشتبوو، ئیتر بەنسیبی من نەبوو، ئێمەش ماوەیەک لەوێ دانیشتین، و پاشان رۆیشتین بۆ چوارقورنە.. لەوێ هەستم کرد پارەکەم پێ نەماوە!!

بەشوێنی خۆما گەڕامەوە، ئەو ناوە هەموو گەڕام، هیچ دیار نەبوو، ئیتر نەم زانی کوێی بۆ بگەڕێم، رۆیشتمەوە.. تا لەم رۆژانەدا بیستم کە مچەعەرەب لە مزگەوتی گەورەی کۆیە لەرۆژی جومعەدا باسی کردووە: کە لەبەستەسێن حەسەن جاسم پارەیەکی زۆری دیوەتەوە، لەدڵی خۆمدا گوتم: بەڵکو خوابکات پارەکەی من بێ!! بۆیە هاتم بۆئێرە..

گوتم: کەوابوو بەهۆی جەڵەب کڕینەوە گەیشتویتە ئەم ناوە؟

گوتی: بەڵێ..

لە دڵی خۆمدا گوتم: هەموو رووداوەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم پارەیە هی خۆیەتی، بۆیە ویستم هەنگاو بەهەنگاو بۆی بچمە پێشەوە نەک لەخۆشیدا تووشی نەخۆشی ببێ، هۆئەوە بوو گوتم: مام حاجی! ئەگەر دەستماڵەکەیت بۆ بێنم دەیناسیتەوە؟

گوتی: ئەرێ وەڵلا..

رۆیشتم دەستەسڕە زەردەکەم بۆ هێنا، حاجی هەر لەگەڵ چاوی پێکەوت رەنگی سوور بووەوە و لێوی ئاڵ بووەوە وتەوشقێکی تێهاتەوەو گوتی: بەڵێ، کاکەگیان! ئەوە دەستە سڕەکەی منە..
گوتم: مام حاجی! ئاخر پارەکەی لای من ئەوەند نییە؟!
کوڕەکەی گوتی: بابە! وا بزانم پارەکەمان رۆبعێکی لەتەکا بوو!!
گوتی: کوڕم! خۆ راست دەکەی، روبعەکە مۆرێکیشی پێوەبوو!!
تەنیا لەبەر خاتری خوا پێم داویتەوە:

ڕۆیشتم پارەکەم بۆ هێنا و لەبەردەمیا دام نا.. ئەویش پاش ژماردنی گوتی: کاک حەسەن! خۆ دەستکاریشت نەکەردووە!!
گوتم: مام حاجی!ماڵی من نەبوو ئیتر چۆن دەستکاری بکەم؟! هەزار دیناری لەپارەکە جیا کردەوە و لەبەردەم منا داینا، و
گوتی: بەگەردن ئازادی بۆخۆت!!
منیش گوتم: مام حاجی! نامەوێ، چونکە سوپاس بۆ خوا پێویستم پێی نییە، و موحتاج نیم، و لەبەر خاتری پارەش نەمداویتەوە، بەڵکو تەنیا لەبەر خاتری خوا پێم داویتەوە!! هەچەند زۆر هەوڵیدا لێم وەرنەگرت..
ڕۆیشتبوومە دەرەوە بۆ دوکان، کەهاتمەوە خێزانم گوتی: ئەو پیاوە ئەو بەستە پارەیەی پێداوم! لەخێزانم وەرگرت و قسەم نەکرد، کاتێ ڕۆیشتینە درەوە بۆ دوکان، لەوێ پێم گوت: کاک حاجی! پارەکەت کوا؟
گوتی: ئەوەتە، فەرموو.. کیسەکەی خستە بەردەستم.. منیش بەستە هەزار دینارییەکەم تێ خستەوە، زۆر هاواری کرد وەری بگرم، وەرم نەگرت. خەڵکێکی زۆریش کۆ ببوونەوە دەیان گوت: کاکە! بۆ وەری ناگریت؟ مادام بە ئارەزووی خۆی دەتداتێ وەک شیری دایکت پێت حەڵالە!!
منیش پێم گوتن: برایان من بە پارەم نەداوەتەوە، بەو خوایەم داوەتەوە کە ئاگای لەهەست و نەستمانە!!
بەڵێ هەرچی هەوڵیدا لێم وەرنەگرت، تا سەرجادەی قیرەکە ڕەوانەم کرد، لەوێ مام حاجی پێنچ یەد دیناری دەرهێنا وسێ بەسێ تەڵاقی خوارد و گوتی: ئەگەر لێم وەرنەگریت دەبێ ژنەکەم تەڵاقی بکەوێت و شەش منداڵەکەیشم سەریان لێ بشێوێت!!
منیش دەستێکم کەوتە ئەملاو دەستەکەی تریشم کەوتە ئەولا، نەمدەزانی چیبکەم؟ ئەگەر لێی وەردەگرم پێم ناخۆشە، ئەگەر لێی وەرناگرم منداڵەکانی سەر لێشێواو دەبن و ماڵی وێران دەبێ، بەناچاری لێم وە رگرت، و خواحافیزیمان لەیەکتر کرد..
**جوامێری حاجی:**
کاک حەسن گوتی: مامۆستا ئەو مام حاجییە زۆر جوامێر بوو.
گوتم: چۆن؟
گوتی: پاش هەفتەیەک خۆی و ماڵ و منداڵی و هەندێ لە خزمانی بە دێنی هاتن بۆ سەردانمان، و دیارییەکی زۆریان بۆ هێنابووین، ئەتوانم بڵێم دیارییەکەیان بایی پێنچ یەد دینار دەبوو!! شەوێک مانەوەو ڕۆیشتنەوە..

هات و چۆ لەنێوانماندا دروست بوو، ئێمە دەچووین بۆ ماڵ ئەوان و ئەوانیش دەهاتن بۆ ماڵ ئێمە، پاش ساڵێک کوڕەکەی هات بۆ ماڵمان و شەومایەوە، لەکاتی نوستنا گوتی: کاک حەسەن! باوکم پێش ئەوەی گیانی دەر بچێ ئەم هەزار دینارەی لە هەموو سامانی خۆی جیا کردۆتەوە و بۆ تۆی ناردووە، و پێی گوتووین: کوڕم! ئەم هەزار دینارە حەرامی ئێوەیە و حەڵاڵی حەسەن جاسمە!! وەسێتبێ کەمردم بۆی ببەن!! ئەوا منیش بۆم هێناوی..

گوتم: چی،چی؟ بابت مردووە؟

گوتی: بەڵێ..

گوتم: یارەبی خوا لەگوناهی خۆش ببێت، و گیانی پاکی بەهەشت شاد ببێت. لەراستیدا زۆر ئێشم پێگەیشت. گلەیی بێت لێتان، چۆن منتان ئاگادار نەکردەوە تا لەپرسکەیا ئامادەبم؟

هیچم بۆ نەمایەوە ئەوەنەبێ فاتیحەیەک بۆ گیانی پاکی بنێرم و بڵێم: خوا لە گوناهی خۆش بێت.. [10].

---

**[10]- یەکێ لەبازرگانە ناسراوەکانم لە بازاڕی زێوەردا کوڕەکەی کوژرابوو، منیش بۆ دڵخۆشی دانەوەی سەردانم کرد، لەناو باس و قسەدا ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە..**

**ئەویش گوتی: مامۆستا گیان! بەڕاستی رووداوێکی سەرسووڕهێنەر بوو!! ئەوەی نیشان ئەدا کاتێ ئیمان لە دڵێکدا جێگیر ببێ شوێنەواری وای ئەبێ.. ئاخر حەسەن جاسم، کەس پێت نەزانێ، پۆلیس نەکەوتبێتە شوێنت، ئاسایش نەیناردبێ بە شوێنتا، هاوەڵەکەت ئاگای لێنەبێ، کەس یەخەت پێ نەگرێ و داوات لێ نەکات، لەکەس نەترسی بتکاتە بەرپرسیار، ئاوەها ئەو ماڵەت لێ ببێتە ئاگر و شار بەشار بەشوێن خاوەنەکەیا بگەڕێیت تا دەیدۆزیتەوە و پارەکەی دەدەیتەوە!! بەحسابی ئەمڕۆ کە دینار سێ دۆلارە، نزیکەی بیست و هەشت هەزار و پێنج سەد دۆلار دەکات، بەراستی هونەرە!! ئەمە بەرهەمی باوەڕ بەخوا بوونە، ئەوەیە کە دەڵێن: ئیمان و باوەڕ کاری موعجیزە ئاسا دەکات..**

**گوتی: مامۆستا! کوڕەکەی منیش هاوڕێیەکی خۆی کوشتی!!**

**گوتم: ئەوە بۆتان دەرکەوت چۆن و لەسەر چی بووە؟**

**گوتی: بەڵێ، لەو ماوەیەدا دەوڵەت هەندێ دەمانچەی بەدیاری بۆ لەشکر ناردبوو، کوڕەکەی من دەمانچەیەکی لەوانە بەر دەکەوێ، و هاوڕێکەی بەری ناکەوێ، بەپیاسە دەڕۆن و ماوەیەک دوور دەکەونەوە، ئینجا دەمانچەیەک دەنێ بەسەر دڵی کوڕەکەی منەوە و دەیکوژێ!! بۆ ئەوەی تاوانەکەی خۆی بشارێتەوە ئەیبات ئەیخاتە ناو مەڵۆ گەڵایەکەوە، و دەمانچەکەی هەڵدەگرێ و رووتی**

# # #

---

دەکاتەوە، و لەوێ بەجێی دێڵێ!!

ماوەیەک کوڕ دیار نابێ، نازانن چی بەسەر هاتووە، کاتێ لاشەکەی بۆن دەکات، شوان و گاوان پێی دەزانن، و هەواڵ بە بنکەکان ئەدەن..

بەڵێ، مامۆستا گیان! بۆ دەمانچەیەک کە بایی پێنج یەد، تۆ بڵێ هەزار دینارە، ئەو تاوانە گەورەیەی کرد، و هاوڕێی بیرو باوەڕ، هاوڕێی چەک و خەبات و تێکۆشانی ئاوەها کوشت!! لەکاتێکا خەم خێوەتی بەتەواوی لەسەر دڵیا هەڵدابوو، بە هەڵچوونێکەوە گوتی: ئەوەی تۆ باست کرد بەرهەمی باوەڕ بەخوا بوون و ئەوەی لای منیش ئەنجامی بێباوەڕی بەخوایە!!

منیش دڵخۆشیم دایەوەو گوتم: کاک عەبدوڵلا خوا پاداشتت بداتەوە، و ئارامیت پێ ببەخشێ، قسەکانت حەقن و پیشاندەری واقیعن، بەراستی ئێمەش نەک هەر بۆ قیامەت و پاشە ڕۆژ، بەڵکوو بۆ ژیانی دنیامان پێویستمان بە باوەڕ بەخوا بوون هەیە.

* * *